سەرۆک بارزانی لەیادی ئەنفالی بارزانییەکان پەیامێکی بڵاوکردەوە

سەرۆک بارزانی: یادکردنەوەی ئەنفال تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەی ئازارەکان نییە، بۆ ئەوەیە کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەخەبەربێت و شەرم لە گەلی ئێمە بکەن

سەرۆک بارزانی لە یادی ئەنفالی بارزانییەکان پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند: ئەگەرچی بەدرێژایی مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەمان، تەواوی گەلەکەمان تووشی کارەسات و نەهامەتی بووە، بەڵام دوژمن بەتایبەت رقێکی زۆری بەرانبەر بارزان هەبوو، وەک مەڵبەندی شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری و کانیی ڕێبازی سەربەخۆیبخوازی، لێی ترساون، هەروەها لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا راشیگەیاندووە: دوژمن هەشت هەزار بارزانی ئەنفال کرد، بەڵام نەک هەر نەیتوانی ئەو ڕێبازە بشکێنێت، بەڵکوو تا ئێستاش ئەو ڕێبازە نوێنەرایەتیی کوردایەتی دەکات.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و دلۆڤان

ئەمڕۆ یادی ڕۆژێکی تاریکە لە مێژووی گەلەکەماندا. بەر لە سی و شەش ساڵ ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی دڕندانە هەشت هەزار پیاوی پیر و گەنجی بارزانی، هەر لە تەمەنی نۆ ساڵی هەتا بەساڵاچووی نەوەد ساڵە، ڕاپێچی بیابانەکانی باشووری عێراق کرد و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە کۆمەڵکوژی کردن.

ئەو تاوانە ئەڵقەیەک بوو لەو زنجیرە کارەسات و قوربانیدانانەی بەسەر ڕۆڵەکانی گەلی کوردستاندا هاتووە، هەر لە بێسەروشوێنکردنی دوازدەهەزار گەنجی فەیلی و ئەنفالی گەرمیان و کیمیاباران‌کردنی هەڵەبجە بگرە هەتا تەعریب و ڕاگواستن و پەلاماری تیرۆریستان و تاوان لە دژی خوشک و برا ئێزیدییەکانمان.

ئەگەرچی بەدرێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، تەواوی گەلەکەمان تووشی کارەسات و نەهامەتی بووە، بەڵام دوژمن بەتایبەت ڕقێکی زۆری بەرانبەر بارزان هەبوو، وەک مەڵبەندی شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری و کانیی ڕێبازی سەربەخۆیبخوازی، لێی ترساون.

دوژمن هەشت هەزار بارزانی ئەنفال کرد، بەڵام نەک هەر نەیتوانی ئەو ڕێبازە بشکێنێت، بەڵکوو تا ئێستاش ئەو ڕێبازە نوێنەرایەتیی کوردایەتی دەکات.

بەداخەوە، لەکاتێکدا سی و شەش ساڵ بەسەر ئەو تاوانە گەورەیەدا تێدەپەڕێت، ئێستاش ناوە ناوە ڕەنگدانەوەی بیری شۆڤینی و ئەنفالچی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هەندێ کەس و لایەندا دەبینین، کە ئەوە کێشەی سەردێکیی گەلی ئێمە بووە لەگەڵ حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا.

لەیادی ئەنفالی بارزانییەکاندا، دەمەوێ جەخت بکەمەوە کە یادکردنەوە تەنها بۆ وەبیرهێنانەوەی ئازارەکان نییە. بۆ ئەوەیە هەموو تواناکان بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەو هزرەی ئێمەی ئەنفال کرد بخرێتە گەڕ. بۆ ئەوەیە ویژدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەخەبەر بێت و کاتێک تازە وا گۆڕی بەکۆمەڵی ئازیزانمان لە بیابانەکانی عێراق دەدۆزرێنەوە، شەرم لە گەلی ئێمە بکەن و بزانن چ زوڵمێکمان لێ کرا و ئەوان بێدەنگ بوون.

ڕۆژی کوردستان

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگەی ئازادی

مسعود بارزانی

31ی 7ی 2019



تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5802) پێنج شەممە 1ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە

ڕێکاری یاسایی بەرانبەر بە ئەفسەرە عێراقییەکە گیراوەتەبەر

دوێنێ چوارشەمە دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی نەشیاوی ئەفسەرە عێراقییەکە بەرانبەر بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە:

ئەمەش دەقەکەی:

هەڵسوکەوتی نەشیاوی تاکەکەسیی ئەفسەرێکی عێراقی بەرامبەر بە ئاڵای کوردستان لە ملی یەکێک لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالدا لە پارێزگای موسەننا کە مایەی نیگەرانییە، کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە. سوپاسی بەڕێز پارێزگاری موسەننا دەکەین کە بۆ ئەو ڕووداوە داوای لێبوردنی کردووە و ڕێکاری یاسایی بەرانبەر بە ئەفسەرەکە گیراوەتەبەر، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هەڵوێستیان لەسەر ئەم کرداڕە هەبووە.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

مەراسیمی یادکردنەوەی 36 ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان بەڕێوەچوو

نێچیرڤان بارزانی: حکوومەتی فیدراڵیی عێراق دەبێ قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتووانی کوردستان بکاتەوە

دایکانی بارزانی بە سەربەرزی و ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیان و قەدەر بوونەوە



ئێوارەی دوێنێ چوارشەمە 31/ 7/ 2019بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بارزان ڕێوڕەسمێک بۆ (36)ەمین ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەڕێزان مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دکتۆر بەشیر خەلیل جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ژمارەیەک لە وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانتارانی عێراق و هەرێمی کوردستان و کونسوڵ و دیپلۆماتکار و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئامادە بوون، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا جیا لە بەخێرهێنانی میوانانی ڕێوڕەسمەکە، ڕووی لە خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی کرد و یادکردنەوەی ئەمسالّی تاوانی جینۆساید و ئەنفالکردنی بارزانییانی بە کاریگەرتر و خەمناکتر دانا بەوەی کە لە بیابانەکانی سەماوە گۆڕێکی دیکەی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە کە ڕوفاتی 75کوردی تێدایە لە ژن و منداڵ کە دیمەنێکی زۆر دڵەژێنیان بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید لە گەرمیانەوە تاکو بادینان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دروست کردووە و کارەساتی ئەنفال بیردەخاتەوە کە شێوەی گرتن و شەهیدکردنیان لە میژووی هاوچەرخی جیهاندا کەم وێنەیە.

دەقی وتاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە





بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاجە گوڵێنە لەسەر گۆڕی ئەنفالکراوان دادەنێن

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان پەیامێک بڵاودەکاتەوە

مەسرور بارزانی: گەلەکەمان مایەوە و ئەنفالچییەکان لەناوچوون

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ چوارشەمە لە ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا هاتووە: جینۆسایدکردنی بارزانییەکان دەستپێکی شاڵاوێکی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس بوو دژ بە خەڵکی کوردستان، کە دواجار ئەنفالکردنی ناوچەی گەرمیان و بادینان و کیمیاباranکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستانی بەدوادا هات، هەر لەپەیامەکەیدا دەشڵێت:

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ 36 ساڵ بەسەر ئەنفال و جینۆسایدکردنی بارزانییەکان تێدەپەڕێت. جینۆسایدکردنی بارزانییەکان دەستپێکی شاڵاوێکی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس بوو دژ بە خەڵکی کوردستان، کە دواجار ئەنفالکردنی ناوچەی گەرمیان و بادینان و کیمیاباranکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستانی بەدوادا هات.

دەڤەری بارزان لە سەدەی ڕابردووەدا بە دەیان جار دووچاری وێرانکردن و سووتاندن و کۆمەڵکوژی بووەتەوە کە دواترینیان هەڵمەتی جینۆسایدی هەشت هەزار بارزانی بووە، بەڵام ئەم هەموو ستەمە نەیتوانی گیانی خۆڕاگری و بەرگری و تێکۆشان لەم دەڤەرە کپ بکات و دواجار خەبات و قوربانیی گەلەکەمان و تێکۆشانی دڵسۆزان و پێشمەرگە قارەمانەکان، دەسکەوت و ئەزموونی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە و گەلەکەمان مایەوە و ئەنفالچییەکان لەناوچوون.

گەلی خۆڕاگرمان و کەسوکاری ئەنفالەکان شایستەی هەموو خزمەت و ئاوڕدانەوەیەکن. وەک حکومەتی هەرێم لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە دەستەبەری هەموو ماف و پێداویستیەکانی ئەم ئازیزانەمان بکرێت و خاڵێکی سەرەکیی دانوستانیشمان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی فیدرال، وەک هەمیشە پێداگری دەبێت لەسەر قەرەبۆکردنەوەی مادەی و مەعنەویی قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان.

لە کۆتاییدا سەری ڕێز بۆ شەهیدانی ئەنفالکراوی بارزانییەکان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین و یادیان هەمیشە بە شکۆوە ڕادەگرین.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

پەیامێکی بڵاوکردەوە

سەرۆکایەتیی هەرێم: پارێزگاری موسەننا سەبارەت بە رووداوەکەی موسەننا داوای لێبووردنی کردووە

دوێنێ چوارشەمە دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی نەشیاوی ئەفسەرە عێراقییەکە بەرانبەر بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە:

ئەمەش دەقەکەیەتی:

هەڵسوکەوتی نەشیاوی تاکەکەسیی ئەفسەرێکی عێراقی بەرامبەر بە ئاڵای کوردستان لە ملی یەکێک لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالدا لە پارێزگای موسەننا کە مایەی نیگەرانییە، کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە.

سوپاسی بەڕێز پارێزگاری موسەننا دەکەین کە بۆ ئەو ڕووداوە داوای لێبووردنی کردووە و ڕێکاری یاسایی بەرانبەر بە ئەفسەرەکە گیراوەتەبەر، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هەڵوێستیان لەسەر ئەم کردارە هەبووە.

دووپاتی دەکەینەوە کە هەڵسوکەوتی لەو شێوەیە تێنەگەیشتن و ڕێزنەگرتنە لە دەستووری عێراق و کارێکی تاکەکەسیی ئاوها نابێت ببێتە هۆی گرژی و کاردانەوەی نایاسایی لە هیچ شوێنێک. دەبێ هەموان گیانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بپارێزن و ڕێز لە دەستوور و مافە دەستوورییەکانی هەموو پێکهاتەکان بگیرێت.

ڤەزی هەریری
سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
2019/7/31

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی سەربازیی ئەمەریکی دەکات

مەسرور بارزانی: بەهۆی سەقامگیرنەبوونی ئاسایش لە هەندێ ناوچەی عێراقدا خانە نووستووەکانی داعش دەستیان بە جموجۆڵ کردووەتەوە

شاندی ئەمەریکی: لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبین

دوێنێ چوارشەمە 31ی تەموزی 2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی سەربازی ئەمەریکی کرد بە سەرۆکایەتی جەنەرال گریگۆری کرودە.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوا ڕەوشی ئاسایشی ناوچە جیاجیاکانی عێراق گفتوگۆی لەسەر کرا و جەخت لە کاراکردنی مەیدانیی هەرچی زووتری میکانیزمی هەماهەنگیی هاوبەشی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کرایەوە.

شاندی ئەمەریکی دووپاتیان کردەوە کە لەسەر هاوکاریکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بۆ سەرخستنی پڕۆسەی چاکسازی لەنێوان یەکەکانی پێشمەرگەدا بەردەوام دەبن .

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای سوپاسکردنی حکوومەتی ئەمەریکا بۆ هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە. ئاماژەی بەوەشدا کە بەهۆی سەقامگیرنەبوونی ئاسایش لە هەندێک ناوچەی عێراقدا، خانە نووستووەکانی داعش دەستیان بە جموجۆڵ کردووەتەوە، گوتیشی هێشتا داعش هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە.

سەرۆکی حکوومەت هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە لە پێناو نەهێشتنی هەڕەشەی تیرۆریستە پێویستە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تووندوتیژی لەناو ببردرێن، ئەو چەندەش بە ڕێگەی چەسپاندنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و یەکتر قبوولکردن جێگیر دەبێت.



قوباد تاڵەبانی بە بۆنەی ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان پەیامێکی بڵاوکردەوە

ئەنفالی بارزانییەکان و شاڵاوەکانیتری ئەم پڕۆسە مرۆڤکوژییە هەرگیز لە یاد و بیرەوەریماندا کاڵ نابنەوە

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا هاتووە: ئەنفالی بارزانییەکان و شاڵاوەکانیتری ئەم پڕۆسە مرۆڤکوژییە شۆڤێنییە، شانبەشانی کیمیاباranی هەڵەبجە و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان و تەرحیلکردنیان، بڕینێکی ساڕێژنەبوون لەسەر جەستەی نەتەوەی کورد کە هەرگیز لە یاد و بیرەوەریماندا کاڵ نابنەوە و وەکچۆن خاڵێکی ڕەشیشە بە نێوچاوانی ئەنجامدەرانی.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی:

بەڕێزان خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی بارزانییە ئەنفالکراوەکان

لەکاتێکدا هەموو تاکێکی کورد بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە بڕینی بەسوێی کولایەوە، 36 ساڵی تەواویش بەسەر تاوانی ئەنفالکردنی هەزاران بارزانیدا تێپەڕبوو کە لە تەمەنی منداڵیەوە تا دوا تەمەنەکانی ژیانی لەخۆ دەگرێت.

ئەنفالی بارزانییەکان و شاڵاوەکانیتری ئەم پڕۆسە مرۆڤکوژییە شۆڤێنییە، شانبەشانی کیمیاباranی هەڵەبجە و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان و تەرحیل کردنیان، بڕینێکی ساڕێژ نەبوون لەسەر جەستەی نەتەوەی کورد کە هەرگیز لە یاد و بیرەوەریماندا کاڵ نابنەوە وەک چۆن خاڵێکی ڕەشیشە بە نێوچاوانی ئەنجامدەرانیەتی.

ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان بە ئەرکی لە پێشینەی خۆمان دەزانین و سەرمان بە کەسوکارەکانیان بەرزە و ڕوح و دڵیشمان هەر لەلای ڕوفاتی پیرۆزی پەرش و بڵاویانە لە بیابانەکانی باشوری عێراق.

لە یادی ئەنفالی بارزانییەکاندا سەری ڕێز و نەوازش بۆ قوربانییەکان نەوی دەکەین و سەبووریی بۆ کەسوکاریان لەخوای گەورە داوا دەکەین. دروود بۆ گیانی پیرۆزی ئەنفالکراوە بارزانییەکان، دروود بۆ گیانی پیرۆزی سەرجەم قوربانیانی ئەنفال و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

قوباد تاڵەبانی
جێگری سەرۆک وەزیران

ژمارەی ڕووفاتی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە زیاترە لەوەی ڕاگەیەندراوە

گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت، ژمارەی ڕووفاتی ئەنفالکراوانی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە، زیاترە لەوەی ڕاگەیەندراوە و هەتا ئێستا گەیشتووەتە 115 ڕووفات و پێشبینی دەکەین بگاتە 170 کەس.

لەمبارەوە فواد عوسمان، گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەن بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ 2019/7/31 لە دریژەی هەڵگرتنەوەی ڕووفاتەکانی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە ژمارەی قوربانییەکان گەیشتە 115کەس و هێشتا تەواو نەبووە لەو ژمارەیەی پێشتر ڕاگەیەندرا زۆر زیاترە. گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئاماژەی بەوەش دا: پێدەچێت تا دوو ڕۆژی دیکە لە هەڵگرتنەوەی تەرمەکان تەواو نەبین. فوئاد عوسمان، پێشبینی دەکات کە ژمارەی ڕوفاتەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە بگاتە 170 کەس. ئەوەشی خستەڕوو: دوای هەڵدانەوەی دوو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی دیکە لە سەماوە، ڕووفاتەکان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری بەغدا دەکرێن و نمونەی ئیسکیان لێ وەردەگیرێت و دواتر بە ڕێوڕەسمێکی تایبەت دەهێندرێنەوە هەرێمی کوردستان. گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئاماژەی بەوەشکرد: بە زۆری تەرمەکان لە مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوان لە چەمچەماڵ، یان گۆڕستانی ئەنفال لە (دێبنە)ی ناحیەی ڕزگاری دەنێژرێن.

مەراسیمی یادکردنەوەی 36 ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان بەڕێوەچوو

نێچیرڤان بارزانی: حکوومەتی فیدراڵیی عێراق دەبێ قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتووانی کوردستان بکاتەوە



ئەمە دەقی وتاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە:

ئامادەبوانی بەڕێز،
کوردستانییانی خۆشەویست،
کەسوکاری بارزانییانی ئەنفالکراو،
خەڵکی دەڤەری بارزان..

ڕۆژتان باش و هەموو لایەکتان بە خێر بێت.

سوپاسی بەشداریی هەموو لایەکتان دەکەم کە ئەمڕۆ لێرە کۆبوونەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە یادی 36ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان. بەخێرهاتنی کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەکەم، بە خێر بێن، بەخێرهاتنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم کە ئەمڕۆ لێرە تەشریفیان هێناوە، بە خێر بێن. پەرلەمانتاران، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەموو ئەو بەڕێزانەی کە تەشریفیان هێناوە، هەموو لایەکتان بە خێر بێن.

بەڕێزان..

یادکردنەوەی تاوانی جینۆساید و ئەنفالکردنی بارزانییان، ئەمساڵ لە ساڵانی دیکە خەمناکتر و کاریگەرترە. چەند ڕۆژێکە جارێکی دیکە چاومان لە بیابانەکانی عێراقە. چاومان لە گوندی (شێخولبادیە)ی نزیک نوگرە سەلمانە، کە ڕۆفاتی زیاتر لە (75) کوردی ئەنفالکراوی تێدا دۆزراوەتەوە و هەموویان ژن و منداڵن. دیمەنەکان زۆر دڵەهژێنن. منداڵی ساوا دۆزراوەتەوە کە لە باوەشی دایکیدا گوللەباران کراوە و تونd سینگی دایکی گرتووە. ژنێکی دیکە دۆزراوەتەوە پێنج منداڵی بچووکی بە تەنیشتییەوە گوللەباران کراون.

ئێمەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید لە گەرمیانەوە تاکو بادینان، ئێمەی خەڵکی کوردستان، ناخ و دەروونمان جارێکی دیکە بەو دیمەنانە هەژاوەتەوە. جارێکی دیکە دیمەنی گوللەباران و زیندەبەچاڵکردنی (182) هەزار کەسی بێ تاوان و مەدەنیی خەڵکی کوردستانمان لەو بیابانانەدا دێتە بەرچاو کە تەنیا لەسەر

زۆر سوپاس بۆ خەڵکی هەولێر، ئێوە یارمەتیدەری گەورە بوون بۆ سەرنەگرتنی پیلانەکانی رژێم

کوردبوون و نیشتمانپەروەری، بەکۆمەڵ شەهید کران.

تا ئێستا تەنیا ڕوفاتی (2672) شەهید، لەو (182) هەزار ئەنفالکراوە گەڕێندراونەتەوە کوردستان. لە (8) هەزار بارزانیش تەنیا ڕوفاتی (596) شەهید هێنراونەتەوە بارزان و لێرە لە خاکی پیرۆزی کوردستان نێژراون. دۆزینەوەی هەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ، دۆزینەوە و هێنانەوەی هەر ڕوفاتێک، هەموو گەلی کوردستان دەخاتە ماتەمینەوە، چونکە شێوەی گرتن و ئەنفال و شەهیدکردنی خەڵکی کوردستان زۆر کەم وێنەیە لە میژووی هاوچەرخی جیهاندا.

بەڕێزان،

ئەمڕۆ ئێمە لێرە یادی (36) ساڵەی جینۆساید و ئەنفالکردنی (8000) بارزانی دەکەینەوە. ڕۆژی 31ی تەموزی سالی 1983هەر پیاو و مێردمنداڵێک بارزانی بووبێت، لای ڕژێمی عێراق تاوانبار بووە و گیراوە. دوای مانگێک، هەموویان لە بیابانەکانی پاریزگای موسەننا گوللەباران کران و خرانە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە.

ئەو بارزانییانە لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی قوشتەپە، بەحرکە، هەریر و دیانا، دەستگیر کران. کۆتاییی حەفتاکان هەموو گوندەکانی دەڤەری بارزان ڕووخێنەران و (2925) خێزانی بارزانی لەو کۆمەڵگە زۆرەملێیانەدا نیشتەجێ کران، دواتریش هەموویان بەکۆمەڵ ئەنفال کران.

ژیانی ژن و منداڵانی بارزانی دوای ئەو ئەنفالکردنە، زۆر سەختتر بوو. ئەو کات ئەرکی ژیاندنی خێزانەکان بە تەواوی کەوتە سەر شانی ژنانی سەربەرزی بارزانی. منداڵەکانیان لەناو مەرگەسات و دۆخێکی زۆر ناخۆشدا گەورە کرد.

زۆر لە منداڵە بارزانییەکان ناچار بوون بەهۆی ترس و خراپتربوونی ژیانی خێزانەکانیانەوە، واز لە خوێندن بێنن. خێزانەکان بەهۆی ئەنفالکردنی سەرخێزانەوە، بە تەواوی ژیانیان لێ تێکچوو. هەموو ئەو ژن و پیاوانەش کە لە هەڵمەتی ئەنفالکردنەکە ڕزگاریان بوو، لە ترسێکی بەردەوامدا بوون و چاوەڕێ بوون ئەوانیش ڕۆژێک بگیرێن. ئەو دۆخە ناخۆشە کە بەسەر گەلی کوردستان و بەسەر بارزانییەکاندا هات لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقدا، تاوەکو ڕاپەڕینی (1991) بەردەوام بوو.

بەڵام دایکانی بارزانی، بە سەری بەرز و بە تەحەدا و ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیان و قەدەر بوونەوە. لەلایەک بۆ منداڵەکانیان بوونە باوک و بە ڕەنج و کارکردن بژێوی ژیانیان پەیدا کرد، لەلایەکی دیکەشەوە منداڵەکانیان بە گیانێگی بەرزی کوردانە پەروەردە و گەورە کرد. ئەمڕۆ دەبینین ئەو منداڵانە گەنجی بەتوانا و لێهاتوون و لەمڕۆدا خزمەتی کوردستان و گەلەکەیان دەکەن. دەستی یەکە بە یەکەی ئەو دایکە ڕووسپیانە ماچ دەکەم و سوپاسیان دەکەم. بۆ هەمیشە ئێمە قەرزاری ئەو دایکە میهرەبان و خۆشەویستانەین، چ لێرە لە بارزان، چ لە گەرمیانی خۆڕاگر بن.

لێرەدا کە باسی ژیانی ئەو خێزانە بارزانییانە دەکەین، پێویستە وەک هەموو جارێک سوپاسی جوامێریی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بکەم، کە کوردانە و مرۆڤانە ئەوندەی بۆیان کرا بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاریی خێزانە بارزانییەکانیان کرد. بە ڕاستی هەولێری خۆشەویست وەک هەمیشە جوامێری نواند. هەروەک چۆن دواتریش جوامێری بەرامبەر دەربەدەرکراوانی بادینان و کوردانی دەربەدەرکراوی شەبەک نواند. زۆر سوپاس بۆ خەڵکی خۆشەویستی هەولێر، ئێوە یارمەتیدەرێکی گەورە بوون بۆ سەرنەگرتنی تەواوی پلانەکانی ڕژێم، بۆ جینۆسایدکردنی بارزانییان. سوپاس بۆ خەڵکی هەریر و باتاس و دیانا و سۆران و دەوروبەریان، کە بە ڕاستی ئەوانیش بەپێی توانای خۆیان هاوکاریی بارزانییەکانیان کرد.

ئەنفالکردنی بارزانییان بە هەموو پێوەرێک جینۆسایدبوو. لەبەر ئەوەش دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ڕۆژی 11ی ئایاری 2011بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی ئەنفالی بارزانییانی دەرکرد.

بەڕێزان..

بارزان و گوندەکانی ناوچەکە چەندین جار ڕووخێندراون و سووتێندراون. بۆ یەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوود، بارزان بە ناپاڵم و بۆمبی تەوقیتکراو بۆمباران کرا، چونکە ببووە مەکۆی ڕاپەڕین و شۆڕش، ئەو بزووتنەوەیەش لە باوەڕێکی قوولەوە سەرچاوەی دەگرت.

بارزان خاوەن پێگەیەکی عیرفانی و داببونەریتی مرۆڤانەی بەرزە. بارزانییەکانیش خاوەن میژوویەکی شۆڕشگێڕیی دێرینن. عەقیدەی بارزان، عەقیدەیەکی زۆر ڕیشەداکوتاو، ئامانجەکانیشی زۆر مرۆڤانە بوون. هەموو بارزانییەک بە گوێرەی ئەو عەقیدەیە، خۆی بە بەرپرسیار بینیوە بەرامبەر بە خوا، لەبەر ئەوەش خۆی بە خاوەن ئەرک بینیوە بەرامبەر هەموو بوونەوەرێکی خوا.

بارزانییەکان بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە ماف و ژیانی هەموو مرۆڤ بە هەموو ئایینەکانەوە خۆیان بە بەرپرسیار زانیوە. بەهۆی ئەو عەقیدەیەوە دانانی ڕێساکانی پاراستنی باڵندەکان، گیانەوەران و ژینگەیان بەگشتی کردووەتە ئەرکی خۆیان. پاراستنی مافی ژنان و منداڵان یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی خێزان لە بارزان. پاراستنی مافی جووتیاران لە دەڤەری بارزان، سیستەمی دەربەگی لە ناوچەکەدا هەڵوەشاندەوە، ئەوەش بەپێی هەمان ئەو عەقیدەیە و سەرچاوەکەشی ئەو بیروباوەڕە بووە.

بارزانییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە دابەروەری لە ژێردەستی و لە ستەمدا دروست ناکرێت، لەبەر ئەوە بۆ بەدەستهێنانی دابەروەری، دژی ستەم ڕاپەڕیون. لەوپەڕی نەبوونیدا، بە باوەڕێکی زۆرەوە خەباتیان کردووە لەپێناو ڕزگاریی خۆیان و دەوروبەر و نەتەوەکەیان.

لە بارزان، مزگەوت، دێر و کەنیشتە لە تەنیشت یەکتر بوون، دابەروەریی نێوان موسڵمان و مەسیحی و جوولەکەش ئەوەندە لە ئاستێکی باڵادا بوو، مەسیحی و جوولەکەی ناوچەکانی دەوروبەر پەنایان هێناوەتە لای شێخەکانی بارزان بۆ پاراستنیان و سەندنەوەی مافەکانیان لە

تا ئێستا تەنیا ڕووفاتی 2672 شەهید لە 182 هەزار ئەنفالکراو گەڕێندراونەتەوە کوردستان

خەڵکی دیکە.

عەقیدەی بارزان، بەردەوام لەناو ڕێسا مرۆڤایەتییەکاندا گەشەی کردووە و گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیی گەورەی دروست کرد. دوای ئەوە زۆر بە فراوانی و ئاشکرایی ئەو عەقیدەیە پەڕەوە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و دەستپێکردنی خەباتی نەتەوەیی، بەتایبەتی لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەمدا.

شێخ عەبدولسەلام بارزانی، ژانا و گەورەکانی کوردستانی لەسەر مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد ڕێکخست و کۆکردەوە. داواکارییەکانی گەلی کوردستانی بە شێوەی نووسراو لە کۆمەڵێک خاڵی زۆر ڕووندا گەیاندە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و زلهێزەکانی ئەوکات. لەبەر ئەوەش شێخ عەبدولسەلام بارزانی بە دانەری یەکەمین مانیفێستۆ و ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان، دادەنرێت.

دوای لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی 1914عەقیدەی بارزان لەسەر دەستی شێخ ئەحمەدی بارزانی (خودانی بارزان)، لە هەرسێ ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕییەوە لە گەشەکردنێکی بەرچاو، بەردەوام بوو.

بارزانییەکان لەڕووی ڕووحییەوە زیاتر گەشەیان کرد، هەروەها پاراستنی ژینگە و گیانەوەران و باڵندەکانیان زیاتر باڵاکردەوە

لە هەشت هەزار بارزانی، تەنیا ڕووفاتی 596 کەس کە شەهیدکراون گەڕێندراونەتەوە دەڤەری بارزان

و ئەو باوەڕەیان بەهێزتر کرد، چونکە دوای باڵابوونەوەی چەک و تەقەمەنی، خودانی بارزان زۆر ڕێنماییی تازەی وردی دەرکرد بۆ پاراستنی ژینگە و گیانەوەران و باڵندە لەدەست مرۆڤ. تەنانەت ڕێنماییەکانی خودانی بارزان گەیشتنە ئەوەی کە هانی بارزانییەکانی دەدا ئەگەر لەسەر ڕووباری زۆر گەورەش بن، نابێ زیاتر لە پێویستیی خۆیان، ئاو بەکار بێنن و نابێ ئاو بەفیڕۆ بدەن.

هەروەها جەنابی شێخ ئەحمەد، خەڵکی ڕادەهێنا لەسەر تەحەمولکردن و سەرنەوینەکردن بۆ هیچ ستەمکار و زۆرداڕێک. کاتێک دوای ڕووخاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، لەگەڵ خێزانەکان و ژمارەیەکی زۆر لە بارزانییەکان گەڕایەوە عێراق، ماوەی سێ ساڵ لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان و نۆ ساڵ حوکمی زیندانی تاهەتاییدا، سەرەڕای زۆر داواکاری، ئامادە نەبوو نامەیەک بۆ مەلیک بنووسێت و داوای لێبوردنی لێ بکات، بەڵکو هەر لە زیندانداا مایەوە تاکو لەگەڵ ڕووخاندنی ڕژێمی مەلەکی و دروستبوونی کۆماردا، ئازاد کرا.

بەهۆی یەکگرتوویی و پابەندییان بە عەقیدە و کردەوە لەگەڵ یەکتر، بارزان و بارزانییەکان ڕۆڵ و پێگەیەکی گەورەیان لە میژووی خەباتی گەلی کوردستاندا هەبووە. یەکگرتووییی خۆیان دەپارێزن، بۆ ئەوەی هێزێکی کاریگەر بن بۆ مافەکانی گەلی کوردستان و دادپەروەری، چونکە بارزانییەکان بەو شێوەیە پەروەردە کراون و لەوەش کەمتر بە شایەنی میژووی خۆیان نابینن.

عەقیدە و کولتووری بارزان، ڕێگەیەک بووە بۆ ڕازیبوونی خوا لە مرۆڤ و ڕازیبوونی مرۆڤ لە یەکتر، لەبەر ئەوەش هەموو بارزانییەک کە خاوەن عەقیدەیەکی ڕاستەقینە بووبێت، چاوی لەوە بووە خوا و دەوروبەرەکەی بە کردەوەکانی لێی ڕازی بن، نەک بە خۆسەپاندن، بۆیە بارزان هیچ کاتێک خۆی نەسەپاندوە و ستەمیشی بە هیچ شێوەیەک قبوڵ نەکردووە، لەبەر ئەوەش بەردەوام لە شۆڕشدا بووە بۆ دادپەروەری و ئازادی.

کوردستانییانی خۆشەویست،

ئێمە ئەمڕۆ کە ڕێز لە یادی ئەنفالکراوانی بارزانی دەگرین، لە هەمان کاتدا یادی ئەنفالکراوانی گەرمیان، بادینان، شەهیدانی کیمیاباران هەڵەبجە، بالیسان، شێخ وەسانان و بێسەروشوێنکردنی کوردانی فەیلی دەکەینەوە. یادی کۆمەڵکوژیی شنگال دەکەینەوە.

سڵاو و ڕێز و پێزانین بۆ هەموو ئەو دایکە میهرەبان و جوامێرانەی دوای ئەنفالەکان هەر لە گەرمیانەوە تا بارزان و بادینان، ئەرکی سەختی ژیاندن و پەروەردە و گەورەکردنی منداڵانیان کەوتە ئەستۆ. ئەوان هەموویان هەڵگری هەمان ژان و دەردەسەری و سیمبۆلی ئەو ستەمە گەورەیەن کە لە گەلی کوردستان کراوە. زۆر جار لە یادی ئەنفالەکاندا، لێرە لە بارزان، دایکان و خەڵکی گەرمیانم بینیوە، لە گەرمیانیش

دۆزینەوەی هەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ و هەر ڕووفاتێک گەلی کوردستان دەخاتە ماتەمینییەوە

دایکان و خەڵکی بارزانیم بینیوە. ئەوان هەڵگری هاوبەشی هەمان هەست و سۆز و هەمان ئازار و ناسۆری هاوبەشن، سڵاویان لێ بێت و دەستیان ماچ دەکەم.


لە یادی ئەنفالکردنی بارزانییاندا، جەخت لەوە دەکەینەوە کە بەپێی دەستووری عێراق و بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و ڕووپێوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا، حکوومەتی فیدراڵیی عێراق پێویستە قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتووانی کوردستان بکاتەوە.

جارێکی دیکە لێرەوە ئەو داوایە لە حکوومەتی عێراق دەکەین کە پابەند بێت بەو بڕیارانە و قەرەبووی زیانلێکەوتوانی ئەنفالکراوانی کوردستان بکاتەوە.

جارێکی دیکە بەخێرهاتنی ئێوەی بەڕێز دەکەم و هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی شەهیدانی جینۆسایدی بارزانییان و ئەنفالکراوانی گەرمیان، بادینان، شەهیدانی هەڵەبجە، شنگال و هەموو کوردستان.

بەخێر بێن

زۆر سوپاس.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا دەکات

مەسرور بارزانی: لە هەرێمی کوردستاندا ئاسانکاریی پێویست بۆ وەبەرهێنانی بیانی پێشکەش دەکرێت

ماسیج لانگ: بەمزووانە شاندێکی بازرگانیی پۆڵەندی سەردانی هەولێر دەکات

دوێنێ چوارشەممە 31ی تەموزی 2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ماسیج لانگ جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا و شاندێکی هاوڕێی کرد.

جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا خۆشحاڵی خۆی بە ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەربڕی و رایگەیاند ئەم سەقامگیرییە دەرفەتێکی باشە بۆ وەبەرهێنەرانی پۆڵەندا بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان بکەن و ئاماژەی بەوەشدا کە بەمزووانە شاندێکی بازرگانی پۆڵەندی سەردانی هەولێر دەکات.

جێگری وەزیری دەرەوەی پۆڵەندا هەروەها سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد کە سەرەڕای سەختی و ناڕەحەتی دۆخی ئابووری کەچی باوەشی بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان کردەوە و یارمەتی و هاوکاری پێویستی پێشکەش کردوون.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی شاندی میوانی کرد و گوتی دەرفەتێکی باش لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ وەبەرهێنانی بیانی و بۆ ئەم مەبەستەش ئاسانکاریی پێویست پێشکەش دەکرێت.

د. بەشیر حەداد:

دەبێت کورد ئازادانە بە ئاڵای کوردستانەوە بە هەموو شوێنێکی عێراقدا بگەڕێن

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەمبەر ئەو بڕیارەی بەرانبەر کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کراوە دێتە دەنگ و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئاگادار دەکاتەوە، لە نزیکترین کاتدا لێپێچینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەو کارە نابەجێیە بکرێت، کە لە سەماوە بەرانبەر کەسوکاری ئەنفالکراوان کرا.

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پەیامێکیدا سەبارەت ڕووداوەکەی سەماوە. دەڵێت: عێراقی دوای 2003، گەڕانەوەی عێراقە بۆ هەموو گەلانی عێراق و دەوڵەتێکی فیدراڵ لەسەر بنەمای کورد دەستێکی باڵای هەبوو لە بنیادنانەوەی عێراقی نوێ، گەر ڕەوا نەبێت کوردانی عێراق ئازادانە بە ئاڵا پیرۆزەکەیانەوە بست بە بستی ئەم وڵاتە بە شوێن گۆڕە بە کۆمەڵەکانیاندا بگەڕێن، چ ڕەوایەتییەک هەیە، بۆ پێکەوە ژیان لە عێراقدا. حەددا ئاماژە بە هەڵوێستی یەکگرتووی سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەکات و تیشک دەخاتە سەر بڕیاری سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە پەیوەندی کردن بە سەرۆکوەزیران و وەزیری بەرگری بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە وە سپاردنی لیژنەی ئاسایش و بەرگری بۆ بەدواداچوون و ئەم هەڵوێستە بە ئەرێنی و گرنگ وەسف دەکات.

دەستووری عێراق دامەزراوە کە بەبێ جیاوازی ئایینی و ئیتنی هەموو پێکهاتەکانی عێراق شەریکن. هەر لەم دیدگایەشەوە هەرچی زووترە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکەینەوە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەو کارە نارەوایە بکرێت. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا تیشک دەخاتە سەر ئەو چەوسانەوەیەی کە لەسەر دەستی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەسەر گەلی کوردا هاتووە و زۆربەی خاکی عێراق بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوور بووە و بیریشمان نەچێت



دوابەدوای بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق لەسەر ماددەی 140

د. ڤیان سەبری: دووەمجارە دادگای فیدراڵی بڕیار دەدات کە ماددەی 140 بەسەرنەچووە

دەبێت لە ڕووی یاساییەوە هەموو لایەنەکان پێوەی پابەند بن

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، وێڕای پێشوازیان لەو بڕیارە، ڕاشیدەگەیەنێت کە دەبێت هەموو لایەنەکان بە بڕیارەکانی دادگای باڵاوە وابەستە بن.

دوای ئەوەی دادگای باڵای دەستووریی عێراق لە 28ی ئەم مانگەدا بڕیاری دا، کە ماددەی 140 بە پێی یاسا، دەستوورییە و بەسەرنەچووە، هاوکات پێویستە لایەنە جیاوازەکانی عێراق بڕگە جیاوازەکانی ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێبکەن، ڤیان سەبری، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کردووە، کە ئەمە دوای ئەوە هاتووە، لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەران، داوا لە دادگای باڵا کراوە، کە تەفسیری ماددەکە بکات، کە ئایا ماوە، یا نەماوە، وەڵامی ئەوانیش ئەو بڕیارە بوو، کە بەڵێ ماددەکە بەسەرنەچووە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئاماژە بە ئەوە هاتووە، کە سەرکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە داوا لە دادگای باڵا کراوە، کە تەفسیری ماددەکە بکات، کە ئایا ماوە، یا نەماوە، وەڵامی ئەوانیش ئەو بڕیارە بوو، کە بەڵێ ماددەکە بەسەرنەچووە.

جاری یەکەمیش ساڵی 2018 بووە و هەردوو جارەکەش وەڵام ئەوە بووە، کە ئەو ماددەیە دەستوورییە و هەموو لایەنێکیش دەبێ پابەندی جێبەجێکردنی بن. ناوبراو ڕوونیشیکردەوە، کە ماددەی 140 سەرەتا ماددەی 58 بووە لە کاتی حکومەتی ڕاگوزەری عێراقدا و دواتر گواستراوەتەوە نێو دەستووری عێراق و بووەتە ماددەیەکی دەستووریی عێراق، بۆیە دەبێ سەرجەمی لایەنەکان لە ڕووی یاساییەوە بە خاڵ و بڕگەکانییەوە پابەند بن و جێبەجێ بکرێت.



نەواف حەسەن:

پەیدە لە دەستگیرکردنی سەرکردە و ئەندام و لایەنگرانی ئەنەکەسە بەردەوامە

کەسی ئێمە لە زیندانی پەیەدەدان و ژمارەیەکی دیکەش چارەنووسیان دیار نییە، لەوانە فوئاد ئیبراهیم و جەمیل عومەر و ئەمیر حامد و چەند کەسی دیکە، کە پەیەدە دەستگیری کردوون و کەسوکارەکانیان و ئێمەش بەڵگەمان هەیە، کەچی ئێستا حاشای لێ دەکەن و دەڵێن ئەوان دەستگیریان نەکردوون و لای ئەوان نین. ناوبراو باسی لەوەشکرد، ئەو سەرکردانەی ئەوان، کە چارەنووسیان دیار نییە، یان لە ژێر ئەشکەنجە لە زیندانەکانی پەیەدەدا گیانیان لە دەستداوە، یاخود ڕادەستی ڕژێمی سووریا کراون، بۆیە دانوستان بەو شێوەیە لەگەڵ پەیەدەدا زۆر زەحمەتە، چونکە بەبێ پەکەکە ناتوانن هیچ بڕیارێک بدەن.

بەڕەسمی نووسینگەی ئەنەکەسە لە هەرێمی کوردستان گوتی، هاوپەیمانان دەستپێشخەرییەکیان کرد، بۆ ئەوەی ئەنەکەسە و پەیەدە بگەنە ڕێککەوتن و کورد یەکڕیزی لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات، بەڵام پەیەدە ئامادە نەبوو هیچ هەنگاوێک بنێت، بۆیە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ئاماژەشی دا، تا ئێستا پەیەدە لە دەستگیرکردنی سەرکردە و ئەندام و لایەنگرانی ئەنەکەسە بەردەوامە و چارەنووسی چەندین سەرکردە نادیارە.نەواف حەسەن، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: هاوپەیمانان دەستپێشخەرییەکیان کرد بۆ ئەوەی پەیەدە و ئەنەکەسە بگەنە ڕێککەوتن و یەکڕیزی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست ببێت، ئێمەش بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکرێت، داوامان کرد پەیەدە هەندێک هەنگاو بنێت، کە ڕێگە بە گەڕانەوەی سەرکردەکانی ئەکەنەسە بدات بچنەوە ڕۆژئاوای کوردستان و گیراوانمان ئازاد بکرێن و ڕێگە بە کردنەوەی بارەگاکانی ئێمە بدرێت، بەڵام پەیەدە بەو کارانە ڕازی نییە و لەسەر سیاسەتی چەوتی خۆیان بەردەوامن، هەر بۆیە ئەو دەستپێشخەرییە ئەنجامی نەبوو .

نەواف حەسەن گوتیشی: دەستگیرکردنی سەرکردە و ئەندام ولایەنگرانی ئێمە لەلایەن پەیەدەوە لە دوای دەستپێشخەرییەکانیان زیاتر بووە و کەمتر نەبووەتەوە، بۆیە بەردەوام ژمارەی گیراوانمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئێستا 15

دانا شەهید جەزا: هێشتا وردەکاریی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری ڕانەگەیەندراوە

بودجە بۆ پڕۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی تەرخانکراوە

ئا/خێڵان بەختیار:

سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کۆتایی ساڵی 2020 سەرژمێریی گشی لە عێراق دەکرێت، ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش دەڵێ، جارێ وردەکاریی جێبەجێکردنی پرۆسەکە دیار نییە، بەڵکوو تەنیا بودجەی بۆ دابینکراوە، ئەوەشی گوت، دەبێ ئەو شار و شارۆچکانەی کێشەیان لەسەرە، ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە.

عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، کۆتایی ساڵی 2020 سەرژمێریی گشتی لە عێراق دەکرێت و بۆ یەکەمجاریش پرۆسەکە بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەبێت، ئەوەش 30 ساڵ دەبێ پرۆسەی سەرژمێریکردن لە عێراقدا ئەنجام نەدراوە، دانا شەهید جەزا، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، لە یاسای بودجەی 2019 میزانییە بۆ پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی عێراق تەرخان کراوە، کە دەبێت وەزارەتی پلاندانان تا کۆتایی 2020 پرۆسەکە ئەنجام بدات. سەبارەت بەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە و چۆنییەتی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریکردن، کە بە چ میکانیزمێک دەبێت، ئەندامەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر لیستی پارتی، ئاماژە بەوە دەدا، هەرچەندە بڕیارەکە گشتگیرە بۆ هەموو عێراق، بەڵام ماوەتەوە چەند پارێزگا و شارۆچکەیەکی وەک کەرکووک و مووسڵ و دیالە و هەندێ پارێزگای دیکەش هەن، کە بارودۆخی ئەمنییان خراپە، پێویستیان بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ـە، تا ئاسایی بکرێتەوە، ئەوکات سەرژمێریان تێدا ئەنجام بدرێت. دانای شەهید جەزا باس لەوەش دەکات، کە هێشتا وردەکاریی ئەنجامدانی پرۆسەکە ڕانەگەیەندراوە، جەختیشی لەوە کردەوە، دەبێ تایبەتمەندییەک بۆ ئەو شوێنانەی ماددەی 140 دەیانگرێتەوە هەبێت، نموونەیشی بە هەزاران خێزانی کورد هێنایەوە، کە لە کەرکووکدا دەرکراون، یانیش ناسنامەیان لە سەردەمی بەعسدا خراوەتە سەر شارەکانی دیکەی عێراق، جەختیشی لەوە کردەوە، کە دەبێ ئەو کێشانە چارە بکرێن. ناوبراو بە پێویستیشی دەزانێت، بۆ چارەکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەوان وەک ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییەکان، لەسەر هێڵ بن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا.

تیرۆریستانی داعش لە سنووری کەرکووک جموجۆڵیان زۆر بووە

لە سنووری پارێزگای کەرکووک، چوار مۆڵگەی تیرۆریستانی داعش دۆزراونەتەوە کە بۆمبی چێندراو و خواردەمەنیی وشکەی تێدا بووە و پاشان مۆڵگەکان تێک دران. بەپێی ڕاگەیاندراوێکی شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی حکوومەتی عێراق کە وێنەیەکی دراوەتە خەبات، هێزێکی فیرقەی چوارەی سوپای عێراق توانیویانە لە سنووری گوندی (پیرئەحمەد)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک، چوار مۆڵگەی داعش بدۆزنەوە. ڕاگەیاندراوەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو لەناو مۆڵگەکاندا دەست گیراوە بەسەر 9 بۆمبی چێندراو و کۆمەڵێک خواردەمەنیی وشکە و پەرتووکی ئایینی، پاشان مۆڵگەکان بە تەواوەتی تێک دراون.ماوەیەکە تیرۆریستانی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک جموجۆڵیان زۆر بووە و ناوبەناو کردەوەی توندوتیژی لە دژی هاوووڵاتیان ئەنجام دەدەن.

بەرپرسێکی ئەمنیی عێراقی بۆ خەبات: گەورەترین هەوڵی داعشمان لە ساڵی 2019 پوچەڵکردەوە

پێویستە هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و فیکری داعشی هەبێت



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

بەرپرسێکی ئەمنی عێراقی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات تەئکید دەکاتەوە کە ئەبوبەکر بەغدادی هێشتا کۆنترۆڵی هەزاران چەکداری گرووپە تیرۆریستییەکەی لە سووریا و عێراق لەژێردەستدایە و لە مانگی ڕەمەزان و جەژنی ڕەمەزانیشدا گەورەترین هەوڵی تیرۆریستانی داعشمان لە ساڵی2019 بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری بەغدا و چەندین پارێزگای ناوەڕاست و باشووری عێراق شکستپێهێنا.

ئەبو عەلی ئەلبەسری بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری و قەلاچۆکردنی تیرۆر لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی عێراق لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند: ئەبوبەکر بەغدادی لە سووریایە و ناحیەی عیازیە و وادی غدق و دەشتاییەکانی بەعاج لە ئەنبار و ڕۆژئاوای کەرکووک و بەرزاییەکانی حەمرین و چەند شوێنێکی پارێزگای سەلاحەدین و دیالە خۆیان حەشاردراوە و خۆیان ڕێکدەخەنەوە و ناوبەناویش هێرش دەکەن و خاڵی پشکنین دادەنێن، جگە لەوانەش بەشێک لەو چەکدارانەی کە گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان لە تورکیا و ئەورووپا و باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوونەتە مەترسییەکی ڕاستەقینە و کاردەکەن بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی داعش و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەم هێزە تیرۆریستییە و بۆ ئەوەش لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵدا هەتا جەژنی ڕەمەزان هەڵمەتێکی گەورەی ئاسمانی و زەمینی بەپشتبەستن بەسەرچاوە و زانیاریيە هەواڵگرییەکان دژی تیرۆریستان دەستپێکرد و لە ئەنجامدا نزیکەی 200 کەس لە ئەندامانی داعش دەستگیرکران و بەدەیانیشمان کوشتووە کە بەرپرسی باڵای ڕێکخراوە تیرۆریستییەکەیان تێدایە، ئەلبەسری ئەم پرۆسە سەربازی و هەواڵگرییەی عێراق بەشکستپێهێنانی گەورەترین هەوڵی تیرۆریستانی داعش لە ساڵی 2019 وەسف دەکات و دەڵێت: پێویستە داعش لەڕووی فیکری و کۆمەڵایەتییەوە بنبڕ بکەین و ئاماژەشی بەوە کرد کە پێویستە هەماهەنگی زیاتری لایەنی پەیوەندیدار لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و فیکری داعشی لە سەرتاسەری عێراق هەبێت.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی
پیرۆزبایی لە کەنالی تەلەفزیۆنی سلێمانی دەکات

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەر و ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و تێکڕای کادیر و کارمەندانی کەنالی تەلەفزیۆنی سلێمانی دەکات کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

پەیامی پیرۆزبایی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەنالی تەلەفزیۆنی سلێمانی بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و تێکڕای کادیر و کارمەندانی کەنالی تەلەفزیۆنی سلێمانی..

بەبۆنەی (12)هەمین ساڵیادی دامەزراندنی(تەلەفزیۆنی سلێمانی) پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بینەرانی کەناڵە ئازیزەکەتان دەکەین و، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

کەنالی (تەلەفزیۆنی سلێمانی) بە درێژایی ساڵانی تەمەنی، لە ڕێی بەرنامە سیاسی و کولتووری و هونەریەکانیەوە خزمەتێکی بەرچاوی بواری ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن و کولتووریی کردووە کە شایەنی شانازی و ستایشە.

لەمڕۆدا ڕۆڵ و کاریگەری کەناڵەکانی میدیا زۆر هەستیار و گرنگە بەتایبەتیش میدیای بینراو، بۆیە دەبێ هەموو لایەک لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتیە دابین و لەخۆبردووانە و بوێرانە ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیەنین.

ئومێدەوارین لەو بۆنەیەدا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتیەوە زیاتر بەرەو پێش بچن و شانبەشانی کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، دەسکەوت و گیروگرفت و داواکاریی و خواستی هاوواڵتیان بخەنەڕوو.

جارێکیتر وێڕای پیرۆزباییمان، پاڵپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ کەنالی تەلەفزیۆنی سلێمانی دووپات دەکەینەوە و هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر لە چالاکیی و کارەکانتان بۆ دەخوازین..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/8/1

عێراق.. بە هەزاران لە کەسوکاری داعش لە مووسڵ نیشتەجێ دەکرێن

ئیدارەی مووسڵ بە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی شارەکە هەژماری دەکات

سیروان ڕۆژبەیانی:

گواستنەوەی ئەو 32 هەزار کەسوکارەی داعش لە سووریاوە بۆ پارێزگای نەینەوا جێگەی قبووڵکردن نییە



حکوومەتی عێراق و UN گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی 32 هەزار کەسوکاری داعش لە سووریا بگوازنەوە بۆ عێراق و لە مووسڵ نیشتەجێ بکرێن، بەڵام ئیدارەی پارێزگای نەینەوا ئەم ڕێککەوتنە ڕەتدەکاتەوە بە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی مووسڵ هەژماری دەکات. لەمبارەیەوە جێگری پارێزگاری نەینەوا، سیروان ڕۆژبەیانی ڕایگەیاند: گواستنەوەی ئەو 32 هەزار کەسوکارەی داعش لە سووریاوە بۆ پارێزگای نەینەوا جێگەی قبووڵکردن نییە، چونکە زۆرینەی ئافرەت و پیاوەکانیان بەتۆمەتی داعشبوون لە کەمپەکەدا کۆکراونەتەوە، نیشتەجێکردنیان مەترسی ئەمنی لەسەر ڕەوشی مووسڵ دروست دەکات.

پرس بە ئیدارەی پارێزگای نەینەوا نەکراوە

جێگری پارێزگای نەینەوا، سیروان ڕۆژبەیانی لە لێدوانێکدا گوتی: ماوەی دوو مانگە حکوومەتی عێراق لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان تاوتوێی گەڕانەوەی32 کەسوکاری داعش دەکەن لە سووریاوە بۆ عێراق، بەبێ ئەوەی پرس بە ئیدارەی پارێزگای نەینەوا بکرێت، لەئێستاشدا حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرسە، ئێمەش وەکو ئیدارەی پارێزگای نەینەوا دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی هاوواڵتیان و گواستنەوەی کەسوکارانی داعش لە سووریاوە بۆ پارێزگای نەینەوا ڕەتدەکەینەوە، چونکە گەڕانەوەی ئەو 32 هەزار کەسوکاری داعش کە پشترِاستین داعشی تونددڕەویان لەگەڵدایە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی مووسڵ بە گشتی دروست دەکات.

مەترسیی بڵاوبوونەوەی بیری تونددڕەوی هەیە

جێگری پارێزگای نەینەوا گوتیشی: بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە زیاتر لە 500 خێزانی داعش لە کەمپی حەمام عەلیل و300 خێزان لە کەمپی حاج عەلی و 300 خێزان لە کەمپی نەمرود و 200 خێزان لە کەمپی جەدعە لە سنووری پارێزگای نەینەوا نیشتەجێ دەکرێن، جێگیرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی کەسوکاری داعش لەم کەمپانە جێگەی قبووڵکردن نییە، چونکە ئەم کەمپانە لەنێو شارن و مەترسی تێکەڵبوونیان لەگەڵ هاوواڵتیان و بڵاوبوونەوەی بیری تونددڕەوی هەیە لەنێو مووسڵ لە داهاتوودا و مەترسی ئەمنی لێدەکەوێتەوە.

ئافرەت و پیاوی داعش

سیروان ڕۆژبەیانی گوتیشی: ئەو کەسوکارانەی داعش کە بڕیارە بگوازرێنەوە بۆ پارێزگای مووسڵ، زۆرینەیان منداڵی تەمەن یەک ساڵ بۆ 12 ساڵین و بەشەکەی دیکەشیان ئافرەت و پیاون کە پێشتر لە ڕیزەکانی داعش چالاکییان هەبووە، بەپێی ئەو زانیاریيە سەرەتاییانەی بەدەست ئێمە گەیشتووە سەرجەمیان دانیشتووی مووسڵن، هەر لەگەڵ داگیرکردنی مووسڵ لە لایەن داعشەوە پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکەوە کردووە، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ و لەناوچوونی سەربازی داعش ئەو ئەندام و کەسوکارانەی داعش لە کەمپی هۆل لە سووریا جێگیرکران. گوتیشی: ئەو 32 هەزار کەسوکارەی داعش کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە لە کەمپەکانی پارێزگای نەینەوا جێگیر بکرێن، ئافرەت و پیاوی داعشن، ڕاهێنەرن و منداڵەکانیشیان ڕاهێندراون لەسەر مەنهەج و ئایدۆلۆجیای تونددڕەوی داعش.

جێگەی قبووڵکردن نییە

جێگری پارێزگای نەینەوا، سیروان ڕۆژبەیانی لەبارەی هەوڵەکانی ئیدارەی پارێزگای نەینەوا دەڵێت: شاندێکی ئیدارەی پارێزگای نەینەوا بە مەبەستی پاشگەزکردنەوەی حکوومەتی عێراق لە گواستنەوەی ئەو 32 هەزار کەسوکارەی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق و جێگیرکردنیان لە پارێزگای نەینەوا، سەردانی بەغدا دەکەن و لەگەڵ سەرکۆماری عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەوە ئەنجامدەدەن و لێکەوتە مەترسیدارە پێشبینی کراوەکانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ حکوومەت دەخەینەڕوو.

سیروان ڕۆژبەیانی دەشڵێت: جێگیرکردنی ئەو هەموو کەسوکارەی داعش لە کەمپەکانی شاری مووسڵ جێگەی قبووڵکردن نییە، یان دەبێت لە کەمپێکی تایبەت و دوور لە ئاوەدانی بە پاسەوانێکی زۆرەوە جێگیر بکرێن، یانیش دەبێت نەگەڕێندرێنەوە بۆ پارێزگای نەینەوا و هەر لە سووریاوە بمێننەوە.

تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ:
لە میانی سێ مانگدا 781 مەدەنی لە ئیدلب کوژراون

تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ (SNHR) ئاماژەی بەوە کرد لە ئەنجامی هێرشی چڕی سێ مانگی ڕابردووی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و ڕووسیای پشتیوانی بۆسەر ناوچەی کەمکردنەوەی گرژیی ئیدلب، 781 هاوواڵتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە.

لە ڕاپۆرتێکدا کە لە لایەن تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە لە ئەنجامی ئەو هێرشە چڕە ئاسمانیی و وشکانییەی ڕژێمەکەی ئەسەد و ڕووسیا لە 26ی نیسان و27ی تەموز کردوویانەتە سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوونی مەدەنی ناو سنووردەکانی ناوچەی کەمکردنەوەی گرژیی ئیدلب، 781 هاوواڵتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە کە 140یان ئافرەت و 208یان منداڵبوون. بە هۆی هێرشی هێزەکانی ڕژێمەوە 625 مەدەنی گیانیان لەدەستداوە کە 115یان ئافرەت و 170یان منداڵبوون و لە هێرشەکانی ڕووسیاشدا، 156 مەدەنی گیانیان لەدەستداوە، لەوانەیش 25یان ئافرەت و 38یان منداڵبوون.

تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ، هێرشێک بە کۆمەڵکوژی دەناسێنێت کە لانیکەم پێنج کەس لە یەک کاتدا بە هۆزیەوە گیان لەدەست بدەن. بەو پێیە تۆڕەکە ئەوەی خستووەتەڕوو کە ڕژێم و ڕووسیا لەو هێرشانەی لە میانی سێ مانگدا کردوویانەتە سەر ناوچەی کەمکردنەوەی گرژیی ئیدلب، 33 کۆمەڵکوژیان ئەنجامداوە. لەو هێرشانەشدا271 مەدەنی گیانیان لەدەستداوە کە 58یان ئافرەت و 85یان منداڵبوون.

هێرشکاری 11ی سێپتەمبەر پێشنیازی هاریکاریی لە دۆسیەیەکی دژی سعوودیەدا کرد

خالید شێخ محەمەد کە بە پلاندانانی هێرشی تیرۆریستیی 11ی سێپتەمبەر لە ئەمەریکا تاوانبار دەکرێت، ئاشکرای کرد ئەگەر بێت و داوای لەسێدارەنی نەکرێت، ئەوا دەتوانێت هاریکاریی قوربانییانی تیرۆر لەو سکالایەی لە دژی سعوودیە تۆماریان کردووە، بکات. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرنال، خالید شێخ محەمەد کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت پلاندانەری هێرشە تیرۆریستییەکەی 11ی سێپتەمبەرە، پێشنیازی هاریکاریی لەو سکالایەدا کردووە کە قوربانییان لە دژی سعوودیە و بە تۆمەتی هاوکارییکردنی هێرشەکان لە دژی حکوومەتی ریاز تۆماریان کردووە، ئەگەر بێت و داوای سزای لەسێدارەدانی بۆ نەکرێت. پارێزەرانی محەمەد باسیان لەوەکردووە ئەگەر بێت و ئەگەری سزای لەسێدارەدانی بریگرتەکەیان هەڵبگیرێت، ئەوا دەکرێت هاریکارییەکی فراوانتر باسی لێوەبکرێت و محەمەد دەتوانێت لەو دۆسیەیەی لە دژی سعوودیە کراوەتەوە ئیفادە بدات یان وەک شایەتحاڵ ئامادەبێت.

تاقانەکەی ئەنفال: ئەفسەرەکە داوای لێبووردنی نەکرد.. پێیان بکرێت ئێمەش زیندەبەچاڵ دەکەن

بەرەبەیانیی 30ی تەموزی 2019؟ شاندێکی کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان دوای بڕینی 854 کیلۆمەتر، گەیشتنە بیابانەکانی پارێزگای سەماوە بۆ بینینی ئێسکوپرووسکی دایک و خوشک و منداڵەکانیان، ئەفسەرێکی عەرەبیش هاوشێوەی ئەفسەرەکانی سەردەمی بەعس، بە تووڕەییەوە کەسوکاری ئەنفالکراونی ڕاگرت و پێی گوتن، ئاڵای کوردستان قەدەغەیە. حەسەن عەلی فەرەج، تاقانەی ئەنفال، سەبارەت بە ڕێگربلێکردنی لەلایەن

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/8/1 ژمارە (5802)
خەبات







لەبری ڕیپۆرتاژ.. 10 مادە لە کۆی 40 مادەی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵان

فۆتۆ: خەبات – کارزان دزەیی

بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ژمارە (25/44) لە ڕێکەوتی 20ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 1989دەرچووە.

مادەی (1) بەپێی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵان، بە کەسێک دەگوترێ منداڵ کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر بێت.

مادەی (2) ئەو وڵاتانەی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵانیان پەسەند کردووە، بەڵێن دەدەن کە ڕێز لە هەموو مافەکانی منداڵان بگرن بەبێ هیچ جیاکارییەک بە هۆی ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، ڕەنگی پێست و زمان. وڵاتانی نێو جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵانیش، هەموو ئامراز و میکانزمێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ گەرەنتی و پاراستن و جێبەجێکردنی مافەکانی منداڵان.

مادەی (3) لە هەموو کارێکدا کە پەیوەستە بە منداڵان، ئیدی ئەگەر دامەزراوەی چاودێریی کۆمەڵایەتیی گشتی و تایبەت ئەنجامی بدات، یان دادگە و دەسەڵاتە کارگێڕییەکان دەبێت ماف و بەرژەوەندیی منداڵان لەبەرچاو بگیرێت و، ئەگەر هات و دایک و باوکیش لە پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵاندا کەمتەرخەمی بکەن، ئەوا ئەرکی دەسەڵات و حکوومەتە تەواوی مافەکانیان بپارێزێت.

مادەی (4) دەبێت هەموو وڵاتانی بەشدار لەم جارنامەیە بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن و بەکردەییکردنی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵان، هەموو هەوڵی خۆیان بدەن؛ بەتایبەتی ئەو مافانەی کە پەیوەستن بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانەوە.

مادەی (5) ئەو وڵاتانەی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵانیان پەسەند کردووە، بەڵێن دەدەن کە ڕێز لە ماف و ئەرکەکانی دایک و باوک و کەسانی سەرپەرشتیاری منداڵان بگرن، کاتێک کە پەروەردەکردنی منداڵانیان لە ئەستۆدایە.


مادەی (6) هەموو منداڵێک مافی ژیانی هەیە و، ئەرکی دەوڵەت و دەسەڵاتیشە بە هەموو توانایەوە مافی ژیان و گەشەی سروشتیی منداڵان دابین بکات و بپارێزێت.

مادەی (7) منداڵان مافی ئەوەیان هەیە ناو و پێناسەی نەتەوایەتیی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بۆیە دەستبەجێ دوای لەدایکبوونیان، پێویستە دایکان و باوکان "ناسنامەی باری کەسی"یان بۆ وەربگرن و، دەبێت دەوڵەتیش هەموو ڕێکارێک بۆ پێدانی ئەم مافە بە منداڵان بگرێتە بەر.

مادەی (8) ئەو وڵاتانەی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵانیان پەسەند کردووە، بەڵێن دەدەن کە ڕێز لە مافی منداڵ لە پاراستنی ناسنامەکانی منداڵ بگرن، کە بریتین لە: ناو، جۆری نەتەوەکەی و جۆری بنەماڵەکەی.

مادەی (9) منداڵان مافی ئەوەیان هەیە کە لەگەڵ دایک و باوکیاندا بژین و، کەس بۆی نییە بەزۆر لە دایک و باوکیان دابڕێنێت و جیایان بکاتەوە، مەگەر ئەوەی ئەم جیاکردنەوەیە بەسوودی منداڵەکە بێت. دەوڵەتیش دەبێت هەموو مافێکی ئەو منداڵانە دابین بکات کە بە هۆی جیابوونەوەی دایک و باوکیانەوە بەتەنیا ماونەتەوە، یاخود بە هۆی مردنی دایک و باوکییەوە تەنیا بوون.


مادەی (10) لە حاڵەتی دووربوونی منداڵ لە دایک و باوکی، مافی ئەوەی هەیە پێیان شاد ببێتەوە. واتە ئەگەر منداڵێک دوور لە دایک و باوکی بوو، مافی ئەوەی هەیە بۆ پەیوەستبوونەوەی بە بنەماڵەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بچێت و ئەگەر لە وڵاتێکی دیکەیش بوو، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.







سنووریٚک پێویستە بۆ میدیای (بەناو) بێ لایەن!



بێستون مەسعود سالەیی

ڕۆژانە گوێ بیستی دەیان حاڵەتی ناشرین و نەشیاو دەبین کە زەرەرمەندن بۆ کۆمەڵگا، میدیای چەواشەکار یەکێکە لەو حاڵەتانە کە ئەمرۆ چەوشەکاری لەم هەرێمەی ئێمەدا بووەتە دیاردە و لە هیچ ولاتێکدا ئاسایی نییە میدیای لۆکاڵی ببێتە ئامرازێک بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی ڕاستیەکان وخۆڵ کردنە چاوی خەڵک و بلاو کردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو کۆمەڵگا.

بەشێک لە میدیای کوردی کارو پیشەیان بووەتە لێدان لە هەر هەوڵێکی حکومەتی هەرێم و ناشرینکردنی وێنەی کوردستان و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان. ئەوان لەڕێز ناوی ئازادی و گەیاندنی بیرو ڕا قەڵەمەکانیان بە ناشرینترین وشە و پەیام دەخەنە کار و سوود لەو ئازادییە ڕۆژنامەگەرییەی دەبینن کە یاساکانی هەرێم بۆی فەراهەم کردوون هەمیشە دەیانەوێت کاریگەری خەراپ دروست بکەنە سەر دەروونی تاکی کورد، هەرگیز قەڵەمەکانیان بۆ کارە جوان و باشەکانی هەرێم بە کارناهێنن و نایانەوێت ڕاستیەکان لە قەڵەمەکانیانەوە نیشان بدرێت.

لە ژێر سێبەری ئەو دیموکراسی و ئازادی بیروڕایەی کە هەیە قەڵەمەکانیان هەمیشە پاڵپشتن بۆ هەر هەوڵێک کە دژ بە کوردستان و حکومەتەکەی بێت، هەمیشە لە هەوڵی شێواندنی ڕاستیەکان و دروستکردنی سیناریۆی سەیرو سەمەرەن.

بەڕەڵایی لە کاری میدیاییدا کارەسات و سەرئێشە بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگاش دروست دەکات، میدیا چەواشەکارەکانی کوردی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی وەکوو زمانحاڵی دوژمنێک بابەت دەوروژێنن و یاری بە هەستی کۆمەڵگا دەکەن.

لە دیموکراسیترین وڵاتدا گەر دەزگایەکی میدیایی ڕاستەوخۆ و بێ سانسۆر و بە زمانێکی پاراو هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندی و سەروەری و دامودەزگاکانی حکومەت ، بێ یەک و دوو یاسا دێتە وەڵام و ڕێگە بە بێرێزی کردن و شکاندنی شکۆ و سەروەریەکان لە لایەن ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکانەوە نادات و لێپێچینەوەو سزایان بەسەردا دەسەپێنن، واتە ئاسایشی نیشتیمانی لای هەر دەوڵەتێکی دیموکراسی و نادیموکراسی هێڵی سوورە و هیچ کەسێک و تاخم و لایەنێک بۆی نییە ببیەزێنێت. ئەوەی لە بەشێک لە میدیا کوردیەکان دەگوزەرێ بە بێ پاڵپشتی مەعنەوی و ماددیەکی بەهێز نایەتە کایەوە، دەستێک یاخود چەند دەستێکی بەهێز لەپشت ئەم دەزگا میدیاییانەوە هەیە، لە ڕووی تەکنیک و ئیدارەدان و تێچووی ماددی و ئاراستەکردنیان بودجەی زەبەلاح و خەرجی زۆری پێویستە. کارەکانیان هێندە ڕێکخراوە، بە پشتگیری لایەنێکی بەهێز نەبێت بەڕێوەبردنی ئەم میدیایانە ئاسان نییە و مەحاڵە لەژێر ناوی دەزگا یاخود سەنتەرێکی سەربەخۆ و بێلایەن بەڕێوە بچن!

لە وڵاتی ئێمەدا زیاد لە پێویست بێ دەنگی هەیە بەرامبەر ئەو هێرشە ترسناکانەی کە لە لایەن چەند گروپێکی میدیایی دەکرێنە سەر ئەزموون و دەستکەوت و ڕەمزەکانمان، تەنانەت ئەم گروپانە دابەش کراون بەسەر چەندین بابەتی هەستیار کە بەشێک تەنها تایبەتە بە مێژووی دروستکراو و شێواندنی مێژوو، بەشێکیان ڕەمەزو سیمبوولە نەتەواتیەکانمان بچووک و ناشرین نیشان دەدەن، بەشێکی تر کاریان هەوڵی چەواشەکارانەی ڕۆژانەیە، بەشەکەی دیکەش بە ناوی قەڵەمی ئازاد و بیرو ڕا دەیانەوێ هزری نەتەوەیی لای کۆمەڵگا لاوازو بێهودە نیشان بدەن.


لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش ئەو میدیایانە بابەتەکانیان تەرخان کردبوو بە لێدان و ناوزڕاندنیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەمیشە وا نیشانیاندەدا کە پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی نامونەزم و پەرتوبڵاوە و توانا کانیان لاوازە و ئەوە هێزی هاوپەیمانانن کە بەرەنگاری تیرۆرستانی داعش دەبنەوە، لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بەو قەبرانە سەپێنراوە دارایی کە حکومەتی عێراق بڕیاری لێدابوو ئەم تاخم و گروپە بەناو میدیای ئازادە، کوردستانیان تاوانبار دەکردو بڕیارەکانی حکومەتی بەغدایان بە باش و دروست بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەقەڵەم دەدا و شەقامییان لە دژی دەسەڵاتدارانی هەرێم پڕ دەکرد. لە کاتی ڕیفراندۆمە سەرکەوتووەکەی کوردستان قەڵەم و وشە نەما بەکاری نەهێنن دژی دەنگی بەڵێ ی هەمانکاتدا دژی بەرژەوەندییەکانی هەرێم ڕابوەستێت و کار بکات؟!

ئەوەی لێرەدا گرنگە پارلەمانی کوردستان بە یاساکانی کاری ڕۆژنامەگەریدا بچێتەوە و کار بۆ هەموارکردنی بکات، یاسایەک جێگیر بکرێت کە هەر لایەنێکی میدیایی بێ ڕێزی و سنوور بەزاندنێک بکات بەرامبەر ئاسایشی نیشتیمانی لێپێچینەوەو سزا و لەسەر بێت.

پێویستە یەکێک لە هەنگاوەکانی کابینە نوێ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگژداچوونەوەی ئەو جۆرە میدیا بەناو ئازادانە بێت کە کەوتوونەتە شێواندنی کۆمەڵگاو و یاریکردن بە بابەتی ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەییمان.

ئەم دەزگا و گروپە میدیاییانە هەرگیز نابێت بە کەم و ساویلەکە و بێهێز تەماشا بکرێن، ئەوەی نووسرا و ئەوەی وترا ناکرێت بەهەندییان وەرنەگرین چونکە هەموو تیرێکی ئەم میدیایانە ئاراستەکەی بۆ شێواندنی کۆمەڵگاو و بۆ دڵی حکومەتە و هەموو ڕێگا و هەوڵێک تاقی دەکەنەوە بۆ لێدان و بڕیندارکردنی هەستی کۆمەڵگا.





شەنگە هاوار کاکەیی*

دیرۆکی لەسێدارەدانی دوو گەنجی گەرەکی تەیراوە و سروودێک

لە زەمەنی رابردوو پەیرەوانی سیاسەتی تە بعیس و تەعریب لەناوچە کوردێکاندا پابەند بوون بە بەکار هێنانی دڕندەترین شێوەی ئەشکەنجەدان وەکو ڕێگا چارەیەکی بکەر بۆ سەندنەوەی ئارامی لەدڵ و دەروونی تاکی کوردیدا لەو سەردەمەوەندەخشەی ئەم سیاسەتە تەنها بۆ شارە کوردێکان بەوێنا بوو وە کە جە لەوی دەسەلاتیان بەنامرۆییترین شێوە دەسەپاندە سەر هاوڵاتیان بە گرتنە بەری و سیاسەتی چەوسێنەرپر عەبەسیەت دەرهەق بەمیلەتێک لەمافی خۆی بەدەر هیچ خواست و مەتلەبێک بەرژەکی نەگرت بوو وەلەئەنجامی ئەم داخوازیە و یستە وبەدرندەترین شێوە بەر پەرچی ویستی ماف خوازان وەلام ئەدرانەوە، بەزیندان بەئاگرو ئاسن و پەتی لەسێدارەدان وە ڕەنگ دانەوەی هاشو هوشی و دەنگی بەرزی مەرگ و تۆندو تیژێکان کەبالّی کێشابووەسەر سەرجەم کایەکانی ژیان وە لایەنی هونەرییش بەدەر نەبوو لە م خەرمانە ئازارانە ڕەنگە! ئامارەدان بە بەوێردی ئەم باسە لە مەحفەل و مەجلیسی نەوەی نوێ لەم سەر دەمەدا بکەوێتە قسانبی تۆانج و سەرسوورمان تا ڕادەیەکیش باوەر نەبوون بەحەدەس و گێرانەوەی ڕووداو چوون نەوەی گەشەی دیموکراسی مافی مرۆڤ کەزۆر ڕیفریشانەو لەکەش و هەوایەکی تەندروست ئما بوونە لەئازادیدا سیەکانیان پربوە لەهەوای پاک تەندروست وەکە گەشەیان پێ گەییوە لەم خۆرە تاوە ئارامە نازانن؟؟ یانی چی واتای سیستەمی تۆتیالیتاری ودیکتاتۆزیەت فەردیەت و تاک ڕەوی لەمەیدانی حوکمدا بەهۆی ئەوەی کەسایەتییان لەم ژینگەیەدا دروست بووەو پەروەردەبوونە بە سیمبولیەتیەکی جیاواز و لەڕێچکەی بەهایەکی جیاواز لە هی دۆینێ بۆیە گێرانەوەی جەورو ستەمی حکومەتی بەعەس بەلایانەوە سەر سور هێنەرە؟ و زۆر عاجباتە ڕەنگە! تێگەیشتنیان بۆ ئاقاری ئەفسانە بچێت چونکە ئەوەی پێی دەگوترێ پێوەرو عەقڵ و مەنتیق لە هەڵس و کەوت و لەڕەفتاری بەد یۆمیان کە بکەر بوو کۆژابووەوە کەوا نەمابوو بەتومەتی ئانارێشزم واتا ئاژاوە خوازی موخەریب تێک دەر تۆمەت بێ بنەما دەخرانە پاڵ ئەو کەسانەی کەوا هەناسەی کورد بوون لە سینەیان دا خەفە بوو بوو. وەلەخۆێندەوەی دۆسێی ئەم قارەمانانە هەست بە شپەرزەییەک ئەکیت کەوا کار بەدەستان چەن ئازا بوونە لە دەرهێنان و دروست بوونی سیناریۆی هەمە چەشن بۆ مرۆڤێکی بێ پەرو باڵ و یەخسیر لە تەنگژەیی هەستەکانی بۆ کوردبوون کەوتۆتە ژێر دەسیان یەخسیریانە، چونکە تۆندو تیژێکان هەردوو ئاستی دەگرتەوە ئاستی جەستەیی ودەروونی.

هەرچەندە..گۆێچکە شل کردن بۆ گێرانەوە سەلانی ستەم بۆ نەشارەزایەک پەلکێشی ئەکا بۆ دونیایەک لە دۆگماو ترس دڵە ڕاوکێ لەدیماگوجیەت و لە وحشیەت و بەربەریەت بەڵام! هەمیشە مرۆڤ لە شالاوی ئەو جەنگانەدا نابێ هەڵوێست و قوربانی دان لەیاد کا.

هەڵبەتە هەڵدانی لاپەڕەی پڕ شکۆ و سەروەری کولیکتیڤێکی گشگیر نیە بۆ سەرجەم نەهامەتیانەن بگرە تەنها پنتێکی بچوکی مەینەتیکانە چونکە پەیرەوەی سیاسەتیان وا گوزەرشت بوو کەوا سەریان هەل دەقورتاند نێو هەمووو وەردو درشتێک ژیانی ڕۆژانەهاوڵایەتیەکی سادە وە ئەو پەژارانەی کەڕوو بەڕوویان دەبوو کەس بۆی نەبوو ڕای لەسەر بدا یا پشتگیری بکا. بۆ نمونە دێرۆکی لەسێدارەدانی ودوو گەنجی کوورد کە خەریکی کەسابەت و قوتی ڕۆژانەیان بوون یەکێکە لە و ڕووداو ناخ هەژێنانەن لەم شارێنەمان کە شاری هەولێرە و بەتایبەت لەگەرەکی تەیراوە ڕووی داوە. دۆسی ئەم تاوانە لەراپەرین پاش ئازاد بوونی شاری قەڵاو منارە لە ئەنجامی شکاندنی دائیرەی ئەمنی هەولێر کەوتە بەر دەستمان و وێنەکی ئاراستەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ کراوە. لەم بەڵگە نامەیەدا هاتوە کەوا هاوڵاتی (جبار سابیر سلیمان و وئازاد سابیرحمەد) لە سالی 1988لەتۆمەتی دۆزینەوەی کاسێتێکی دەنگی سرودی (فەرمانە.. هاوار.. هاوار فەرمانە) بەدەنگش هونەرمەند شوان پەروەر و هاوسۆزیان بۆ تەزمی ناوەخۆیی لەسێدارە دەدرێن. دوا بەدوا و پارەی فیشەگە کان کەوا ڕەمیان پێ کردبوو لە بنەماڵەکانیان وەرئەگرنەوە.

ئەوەی ماوە بڵێم ....ڕێبازی کوردایەتی پرە لەقوربانی دان بۆیە وەلامان دەمێنی بۆ نیشتمان، دروود بۆ ڕوحی پاکی شەهیدان. بژی کورد بژی کوردستان .

*** ماستەر لە یاسای گشتی.**

کوردستانێکی بەهێز و ستراتیژیەتی (چاکسازی، خزمەتگوزاری، پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان)



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ئەزموونی 28سالّی ڕابردووی حوکمڕانی قۆناخی جیاجیای بۆ ئێمە ئاشکراکردووە، بەڵام ئەم قۆناخەی کابینەی نوێمە دەتوانین بڵێین ئارامییەکی سایکۆلۆژی دروست کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سایکۆلۆژیەتی هاوواڵاتی ئێمە لە ژێر ئەو گوشارە دەروونی و سیاسی و ئابووریانەدا پارچە پارچە بووە، بەڵام بەرنامەی ئەم کابینەیە وا دەکات ئارامییەکی سایکۆلۆژی لای هاوواڵاتیان دروست بکات.

گەر خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبێت لەسەرەتاوە ئامازە بۆ ئەوە بکەین کە بەرنامەی کابینەی نوێەم، بەرەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسیی لایەنە بەشدارەکانی حکومەتە، بۆیە هەم بەرنامەکە بەرنامەیەکی هاوبەشە، هەمیش جێبەجێکردنیشی بەرپرسیاریەتێکی هاوبەشەو، بەرنامەکەش لە 8تەوەری سەرەکی پێکهاتووە لە ،چاکسازی، خزمەتگوزاری، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، ئازادی و دیموکراتی و پێکەوەژیان، پەیوەندییە هەرێمییەکان، پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان دەتوانێت وا بکات دامەزراوەکان کاری خۆیان بکەن،دروستبوون و ئامانجی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای قۆناغی ڕزگاریخوازی و بە تایبەت لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی کوردستان لە ماوەی بیست و هەشت ساڵی ڕابردوو، لە پێناو چەسپاندنی گشت مافەڕەواکانی کورد وکوردستانە ، وەک چۆن فیدراڵی و دەنگدان لە سەر سەربەخۆیی کوردستانی لە ڕۆژی 25/9/2017چە سپێنرا ، ئێستاکەش دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولی ? 2018 دەستبەکاربوونی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت هەموو ئامانج و هەوڵەکانی بە پاڵپشتی گشت هێزولایەنەکان و میللەتی کورد بەرەو کوردستانێکی گەشەکردوو و بەهێزە لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە. بۆیە، گرنگ بوو بۆ ئەو قۆناغە پێکەوە ئەرکە تەواو نەکراوەکان کاری لەسەر بکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوای ئازادی عێراق لە نووسینەوەی دەستوور و ڕێکەوتنەکانی تر لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ هەرسی حزب نەخشەیان بۆ کێشاوە، کەم و زۆر کاریگەریان بەسەر هاوپەیمانەکانەوە هەیە، لە لایەکی تریش دوای قۆڵبوونەوەی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ دەوروبەر و عێراق، بۆ ئەم قۆناغە پێویستی بە حکومەتێکی بەهێز هەبوو ئەمەش بە بەشداری پێکردنی زۆرترین نوێنەری هەرێم دێتە بوون. خەڵکی کوردستان چوار ساڵی ناخۆشی لە شەڕ و بێ مووچەیی و نائارامی سیاسیدا تێپەڕاند، چاوەڕوانییەکی زۆر لەسەر کابینەی نوێەمە، هۆکاری چاوەڕوانییەکانیش خودی سەرۆکی حکومەت و ستافەکەیەتی، چونکە ئەزموونێکی باشی لە بە دامەزراوەییکردنی دەوڵەت هەیە، باشتر بوونی پەیوەندی هەرێم و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشە ئابووریەکان دەرفەتێک و ئومێدەکە کە کابینەیەکی ئاوەدانی و ئارامی زیاتر بێت.پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو بەرژەوەندیی و جێبەجێکردنی ستراتیژی کوردستانێکی بەهێز و گرنتی مانەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ناو کارنامەی حکومەتە کە پێکهاتووە لە گەڕانەوەی شکۆی هەرێم بە چاکسازی و خزمەتگوزاری و کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەهەدەر نەدانی موڵکی گشتی. بە ئۆپۆزسیۆن بوونیش شێوازێکی نوێ و دەستهەڵاتیکی نوێ بوو لە هەرێم، بە هۆی کێشە ئاڵۆزەکانی هەرێمیش دەستەڵات کەمتر دەیتوانی وەڵام گۆی خەڵکی کوردستان بێ، ئۆپۆزسیۆنیش زیاد لە پێویست پەیامی خۆی بلاو دەکردەوە، بەڵام لە کۆتاییەکانی حکومەتدا بە یاسا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرا، ئەوەی پێشێلی ڕێککەوتنی کرد لە بەڕێوەبەردنی دەستهەڵات خرایە دەرەوە، بۆیە پێمان وایە ئێستا ئەوانەی ڕێککەوتوون ڕێز لە واژووی خۆیان دەگرن، هەست بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆیان دەکەن، ئەوانەشی ئۆپۆزسیۆنن شێوازی مەدەنی و عەقڵانی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان دەگێرن واتە خەڵک گوێ بە وانە نادا کە لە حکومەتن ڕەخنە بگرن و گوێش لە ئۆپۆزسیۆن ناگرن ڕەخنەی ڕووخێنەر بگرن".دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بیروڕا و فکری جیاواز نەبوو لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵکو لەسەر خواست و مافەکانی کورد بووە، تا ئێستاش مافەکانی کورد نەهاتوونەتە دی، هاتنە دی مافەکانیش بۆ هەمووانە، پێویستیشی بە هەموان هەیە. بۆیە تا ئەو کاتەی مافەکان دێنە دی پارتی کار لەسەر یەکگرتوویی و تەبایی ناوماڵی کوردستان دەکات، هەموو ڕێگەیەکیش ئەگرنە بەر تا بە ئەنجام بگات ئەگەر لەسەر حیسابی بەرژەوەندی لایەنگرانی خۆشی بێت، چونکە هیچ کات بە پەرتەوازەیی نەمانتوانیوە هیچ بە دەست بێنین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە دروستبوونی بەرەی کوردستانییەوە تا ئازادی عێراق و نووسینەوەی دەستوور و شەڕی داعش بە یەکگرتوویی توانراوە هەرێم بپارێزرێت، بۆیە ئەولەوییەتی سەرۆک نێچیرڤان ڕێکسختنەوەی ناو ماڵی کورد بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی نەتەوەیی و پشتیوانیکردنی حکومەت.

لەڕووی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی کوردستان، هەروەها بانگهێشتی فەرمی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن ولاتی فەرەنسا کە یەکێکە لەو پێنج دەوڵەتەی کە کاریگەرییان لەسەر تەواوی ئاسایشی جیهان هەیەو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی جیهانە، بۆ ئێمەی کورد فەرەنسا تاکە هێزی گەورەی نێودەوڵەتییە کە ڕاستگۆیانە و بوێرانە لە هەمو قۆناغەکان پاڵپشتی هەرێمی کوردستانی کردووە، دواین جار لە ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر هیچ هێزێک پشتیوان نەبوو بەڵکو بگرە ئەوانەی زۆریش دۆست بوون بێدەنگیان هەڵبژارد، تاکە هێز کە دەرگای کردەوە و بە فەرمی پێشوازی لە سەرۆکی حکومەت کرد فەرنسا بوو کە جارێکی تر بەستەڵەکی سیاسی بەرامبەر هەرێم شکاند و دەرگاکان بەڕووی هەرێم کرانەوە، ئەمجارەش دیسان لە بانگێشت کردنیدا پابەند بوون و پیشاندانی دانپێدانانێکی نێودەوڵەتییە بەرامبەر قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان و ئەو پشتیوانیکردنە لە سەر ئاستی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپایی و بەتایبەت فەرەنسا ، دۆزی کورد زیاتر بەرەو پێشەوە دەبات بەرەو ئاراستەی کوردستانێکی بەهێز.

بینای نیمادین





کاروان کەریم خان*

بینا سونبولەتیکەکانی جیهان زۆرن و جگە لە وردەکاری و هەندەسە میعماریەکەیان هەر یەکەو واتا و مانای تایبەتی خۆی هەیە و بونەتە شوێنی توربستی جیهان. زۆرێک لەو بینایانە بینای کاری هونەری و زانکۆیی و بازەرگانین.

هەندێک لەو بینایانەسە بە جۆرێک ناسراون کە ئارەزوی هەر کەسێکە بە لای دا تێپەڕێت. هەندێکیان بوونەتە شوناسی شانازمەندی وڵاتێک. لەو بینایانە دەتوانین ئاماژە بە خانەی ئۆپێرای سیدنی بکەین. هەروەها سازەی میژوویی کلیسای نۆتردام یەکێکە لەو بینا سەرنج ڕاکێش و میژوییانەی کە نوسینی ڕۆمانی ڕۆمانتیک و بەناوبانگی پشت کووڕی نۆتردامی ڤیکتۆر هۆگۆی لێکەوتۆتەوە. جگە لە بینای تایبەت بە شانۆ و بورجە بازەرگانیەکان هەندێک بینای سیاسی لە وڵاتان هەن کە گۆڕای هزر و فەرهەنگی ئەو وڵاتانەیە و بونەتە شوناس بەخشی شار و وڵاتێک. لە ڕاستیدا وڵاتانی جیهان هەر یەکەو بیناگەلێکی ماناداریان هەیە کە هەر هاوواڵتیەک کەلتور و ژیاری خۆی تێدا دەبینێتەوە و وێنەی لە گەڵ دەگرێ. تەنانەت توریستەکانی وڵاتانی دیکەش کە دەچنە وڵاتێکی وەک ئەمریکا وێنە لە گەڵ بینای کۆشکی سپی دەگرن. هەروەها گەشتیاران بە ئیشتیاقەوە دەچنە سەردانی بینای کۆشکی ئیلیزە لە فەڕەنسا... . بە تایبەت بینای پەرلەمانی وڵاتانی سونبولی دیوکراسی و وڵاتانی پێشکەوتوو بۆتە ئاوێنەی هەستی دەوڵەت-نەتەوەی هاوڵاتیانی ئاسایی و نیشانەی هێز و بەشداری سیاسی هاوڵاتیانی وڵاتەکەیە. بۆ وێنە خانەی مەجلیس یان بینای پەرلەمانی ملبۆرن لە ئۆسترالیا کە سونبولی چاخی ڤیکتۆریایە بۆتە جێگایەکی دیدەنی گەڕیدەکان. بینای پەرلەمانی ئەڵمانیا یان کە بە خانەی مەجلیس ناسراوە و لە کۆشکی وێست مینێستەرە و پەرلەمانی فەڕانسا لە کۆشکی بۆربن یەکێکن لەو نمونانە. وڵاتانی ناوچەکەش خاوەنی بینای پەرلەمانی واتادارن. بۆ وێنە بینای نوێی پەرلەمانی ئەفغانستان کە بە سونبولی دیوکراسی ئەفغانستان ناسراوە نیشانەی سیستەمی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەی پێوە دیارە. بە گشتی لە ڕوی دەرونی و فەرهەنگیەوە دروست کردنی بینای واتادار هەستێکی تایبەت دەنێتە نێو دڵی بینەران و بە زمانی بێ زمانی کاریگەری لە سەر ڕەفتاری مرۆڤیش دەبێت. تەنانەت بینایە واتادارەکان کاریگەریان دەبێت لە سەر دروست بوونی سۆز و ئینتیما. لەم بارەوە دەیان نمونە هەن کە دەبنە هۆی زیندوو کردنەوەی هەستی نوستالۆژی. کاتێ سەیری بینا سونبولەتیکەکانی جیهان دەکەین هیوای ئەوە دەخوازین کە لە کوردستانیش شتی لەم چەشنە هەبێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لە هەولێر جگە قەڵا و مناری میژویی چیتر بۆتە هێمای وڵات و پایتەخت؟ شارەکانی دیکەی کوردستان چەند بینا و بورجی سونبولیان هەن؟ ئایا ئەو بینایانەی دروست کراون بونەتە هێما و واتایەکیان هەیە و کاری هونەری ماناداریان لە سەر کراوە؟ ئایا ئەم بینایانە بونەتە ئیلهام بەخشی ڕەفتاری تاکی کورد و بونەتە شوناس بەخش هاونیشتیمانیان؟ ئەم پرسیارانە یەک وەڵامی ڕایشتاگ، کە بە قەقنوس دەناسرێت، یەکێکە لە بینا سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم وڵاتە؛ ئەم بینایە گونبەدێکی مودەرەجی شوشویی هەیە کە هاوڵاتیان دەتوانن بچنە سەری و لە ژێر پێی خۆیان دانیشتنەکانی پەرلەمان ببینن و پەرلەمانتارنیش لە سەر سەری خۆیان هاوڵاتیان ببینن. پەرلەمانی بەریتانیا کە بە خانەی مەجلیس ناسراوە و لە کۆشکی وێست مینێستەرە و پەرلەمانی فەڕانسا لە کۆشکی بۆربن یەکێکن لەو نمونانە. وڵاتانی ناوچەکەش خاوەنی بینای پەرلەمانی واتادارن. بۆ وێنە بینای نوێی پەرلەمانی ئەفغانستان کە بە سونبولی دیوکراسی ئەفغانستان ناسراوە نیشانەی سیستەمی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەی پێوە دیارە. بە گشتی لە ڕوی دەرونی و فەرهەنگیەوە دروست کردنی بینای واتادار هەستێکی تایبەت دەنێتە نێو دڵی بینەران و بە زمانی بێ زمانی کاریگەری لە سەر ڕەفتاری مرۆڤیش دەبێت. تەنانەت بینایە واتادارەکان کاریگەریان دەبێت لە سەر دروست بوونی سۆز و ئینتیما. لەم بارەوە دەیان نمونە هەن کە دەبنە هۆی زیندوو کردنەوەی هەستی نوستالۆژی. کاتێ سەیری بینا سونبولەتیکەکانی جیهان دەکەین هیوای ئەوە دەخوازین کە لە کوردستانیش شتی لەم چەشنە هەبێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لە هەولێر جگە قەڵا و مناری میژویی چیتر بۆتە هێمای وڵات و پایتەخت؟ شارەکانی دیکەی کوردستان چەند بینا و بورجی سونبولیان هەن؟ ئایا ئەو بینایانەی دروست کراون بونەتە هێما و واتایەکیان هەیە و کاری هونەری ماناداریان لە سەر کراوە؟ ئایا ئەم بینایانە بونەتە ئیلهام بەخشی ڕەفتاری تاکی کورد و بونەتە شوناس بەخش هاونیشتیمانیان؟ ئەم پرسیارانە یەک وەڵامی هەندێک لەو بینایانەسە بە جۆرێک ناسراون کە ئارەزوی هەر کەسێکە بە لای دا تێپەڕێت. هەندێکیان بوونەتە شوناسی شانازمەندی وڵاتێک. لەو بینایانە دەتوانین ئاماژە بە خانەی ئۆپێرای سیدنی بکەین. هەروەها سازەی میژویی کلیسای نۆتردام یەکێکە لەو بینا سەرنج ڕاکێش و میژوییانەی کە نوسینی ڕۆمانی ڕۆمانتیک و بەناوبانگی پشت کووڕی نۆتردامی ڤیکتۆر هۆگۆی لێکەوتۆتەوە. جگە لە بینای تایبەت بە شانۆ و بورجە بازەرگانیەکان هەندێک بینای سیاسی لە وڵاتان هەن کە گۆڕای هزر و فەرهەنگی ئەو وڵاتانەیە و بونەتە شوناس بەخشی شار و وڵاتێک. لە ڕاستیدا وڵاتانی جیهان هەر یەکەو بیناگەلێکی ماناداریان هەیە

با بایەخ بە زمانی کوردی بدەین



زیلان سارمەمی

سەرەتای وتارەکەم دەمەوێ بە وتەی هەندێک لە ڕەخنەگرانی جیهان دەستپێبکەم کە دەڵێن "زمان کەسایەتییە و کەسایەتیش زمانە".

بە دڕێژایی مێژوو نەتەوەی کورد چەوساوەی ژێردەستی داگیرکەران بووە، کە هەمیشە هەوڵی لەناوبردنی دووان لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانیان داوە، کە ئەوانیش بریتین لە زمان و کولتوور، سەپاندنی زمانێکی جیاواز لە ناو وڵاتێکدا زۆر لە جینۆساید دەچێت، لە ئێستادا بەبێئەوەی بەخۆمان بزانین جینۆسایدی زمانی خۆمان دەکەین بەهۆی بایەخ پێدان و پێشخستنی پەروەردە و خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بەسەر پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردیدا.

وەک لە دەستپێکدا ئاماژەم پێدا؛ هەندێ لە ڕەخنەگران دەڵێن زمان ناسنامەیە و ناسنامەش زمانە، وەکو بەڵگە؛ ئەو کەسانەی کە پەروەردەیەکی ئینگلیزیبان هەبووە کاتێ لەگەڵ هاوڕێکانیان بە ئینگلیزی قسە دەکەن زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، ئەگەر ئێمە ڕێگە بەمە بدەین لە داهاتوودا زمانمان دەبێتە بەشێکی ونبوو لە مێژووی کورددا، با وێنای بکەین کە نەوەی نوێ کاتێ بە ئینگلیزی دەپەیڤن و بیردەکەنەوە ئەوسا ناسنامەی کوردی لە پەنجا ساڵی داهاتوو، یاخود بۆ چەند نەوەی داهاتوو، چی بەسەر دێت؟! دەمەوی بۆ ساتێک بیر لەوە بکەنەوە!

هەروەها زۆرکەس کە پەروردەی ئینگلیزیبان هەیە، شەرم لە جۆری ئینگلیزییەکەی دایک و بابیان دەکەن، ئەگەر ئاشنایێت بە چیرۆکی (the paper me-nagerie)هەبێت کە لە لایەن کێن لی یوو نووسراوە، باشتر لەم پرسە تێدەگەیت، ئەم چیرۆکە لە بارەی هەرزەکارێکی چینییە کە بەهۆی کاریگەری نەژادپەرستی شەرم لە کولتووری خۆی دەکات، بە کورتی چیرۆکەکە باس لە مێردمنداڵێک دەکات کە لە لایەن چەند کەسێکی هاوتەمەنی خۆیەوە بەهۆی کولتوورەکەیەوە گاڵتەی پێدەکرێت، بۆیە داوا لە دایکی دەکات واز لە زمانی چینی بهێنێت، بەڵام کاتێ دایکی ئینگلیزی بەکار دەهێنێ، شەرم لە ئینگلیزییەکەی دەکات، بۆیە واز لە قسەکردن لەگەڵ دایکی دەهێنێ، ئەگەر ئێمە ئاگادار نەبین ئەوە ئەو کوردانەی کە پەروەردەی ئینگلیزیبان هەیە، وەک بەسەرهاتی ناو چیرۆکەکە شەرم لە کولتووری خۆیان دەکەن، بەداخەوە ئەمە دۆخی ئاسایی منداڵانی پەنابەرانە لە وڵاتە جیاوازەکاندا.

مەخابن بەهۆی چەندین جینۆسایدی جیاواز بە دڕێژایی مێژووی کورد، نەتەوەی کورد وردە وردە توانای بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی خۆی لەدەستدەدا و لەگەڵ پرۆسەی هۆشمەندی لەگەڵ زمانی بەسەردا سەپێنراو ڕادێت، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بایەخدان بە زمانی دایک زمانی کوردی، لێرەدا بە پێویستی دەزانم کەوا ئاماژە بە وتەیەکی پاوڵ ماشاتایڵ وەزیری پێشووی هونەر و کولتووری باشووری ئەفریقیا بکەم کە دەڵێت: (با ئێمە منداڵەکانمان فێر بکەین خۆیان و میراتی نەتەوایەتییان خۆشبوێت، پێش ئەوەی زمان و کولتووری خەڵکی تریان پێبناسێنین)، هەروەها دەستەواژەیەکی عەرەبی هەیە کە (التقزم الپلقافی) کە مانای ئەوەیە بەهۆی کولتوور و پەروەردەتەوە خۆت لە خەڵکی دیکە بە بچوکتر بزانیت، کە ئەمەش دەتوانرێ بە گرێی خۆبەکەمزانینی کولتووری لێکبدرێتەوە.

ئینگلیزی دەبێ ئەوە بێت کە لە قوناغە تاڵانەی کە پێیدا هاتوین نەمانتوانیوە بینای سونبول ئاسا و نیمادین لە کوردستان دروست بکەین و ناچار بوین لە تەلارە کۆنە بێ ڕوحەکان بمێنینەوە و نەکراوە سازەیەکی پڕ لە هەیمەنە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەین. دەتوانین بڵێین ئەو بینایانەی کە دروستیش کراوەن بینای ئاسایین و تەقلیدین و کەمتر هەڵگری مانان. بەڵام لەمەو دوا بە هەر جۆرێک بێت پێویستە ئەو سونبولانە لە پایتەختی کوردستان قیت بکەینەوە. بە تایبەتی پێویستە بینایەکی نیمادین و پڕ لە وردەکاری هونەری بە چاودێری سیاسەت زان و هونەرمەندان و ئەندازیارە قوڵ بیرەکان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دروست بکرێت. بینایەک بێت کە سازەکەی تاک و واتادار بێت و تایبەت بە کوردستان بێت و پڕ بێ لە مانا گەلی وەک هێگمەتانە، میدیا، میزۆپۆتامیا، یەکگرتن، پێکەوە ژیان و دیوکراسی و... . لێرەدا داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم بینایەکی واتادار و پڕ لە کاری هونەری و سونبولیک بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دروست بکەن. بینایەک بێت کە ببێتە نیمادی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی ئاشتی خواز و ئازادی خواز و دیموکراسی خواز. بینایەک بێت کە توریستەکانی وڵاتان و دیپلۆماتەکان وێنەی لە گەڵ بگرن. ببێتە ئاماژەیەک بۆ ڕێفراندۆم و خودی بینایەکە پەیامی نەتەوەیەکی بەشخوراو بگەیێنێتە ڕوناکبیر و هونەرمەند و دیپلۆماتەکانی جیهان. هەروەها داوا لە سەرەک وەزیری کوردستان دەکەم بینایەکی واتادار و پڕ شکۆ بۆ پەرلەمان و کابینەی دەوڵەتی خۆی دروست بکات. بینایەک بێت کە ببێتە ماڵی هەموومان و هەستی دەوڵەت-نەتەوە وەڕوح بێنێت.

*** بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان.**

خالد ئەحمەد بادی

چوارگوشەیا کوردان و ئایندەکێ مەترسیدار

کوردستان دزونەکا هەستیار ونازک دایە و دکەتوارێ خوبخویدا کەفتیە دناڤ چارگوشەیەکا زور مەترسیدار وترسناک دا کو چوار ڕەگەز و سیاسەت دژبەرینە. ژبەر ڤێ چوار گوشێ هەردەم کوردستان کەفتیە بەر (تحدیات) و هەڤرکیێن مەزن وترسناک ژلایێ دوژمنان ڤە و هەر دیسا ژبەر هەبونا کەش وهەوایەکێ گونجای وکانزاییێن ب بها وئاڤەکا مشە وعەردەکێ بدار ودرخت وئێکجار مەزن. کوردستان ژبەر هەمی ناڤهاتییان ئاراستەیا خەلکەکێ بەرژەوەند خواز وحەژخوکەرێن تایبەت کەفتیە کوردستانێ وکریە ئارمانج وبەرێ ستێرکا خودایە وەلاتێ مە. هەردەم دوژمنان بەرێ خو دایە کوردستانێ وشەر و هەڤرکی و ژێکنەگرتنێن وانان لسەر کوردستانێ بویە و کوردستان کریە گورەپانا ڤاڤارتنێن خو هەر وەلاتەکی ڤیایە پرتا مەزن یا کێکێ ڤێرا بگەهیت وکورد بێ بەهر کرینە ژ دەولەتبون ومافێن وانان هاتینە خوارن وزور پاشڤەماینە .لێ کوردان شورەش وخەبات وبەرخودان ئەنجام دان وبەرگری ژخو کریە وهەمی قوناغێن بسەر داهاتین بوراندینە وب هزاران قوربانییێن داین تا گەهشتینە قوناغێن نوکە ئەم تێدا لێ پرسگرێک زور مزنتر وبەرفەرهترە تا گەهشتیە وی ڕادەی کو بەڤلا بو مە دروست بکەن وکورد مژویل کرینە ب شەرا وهێرشا ودوژمنکاریان ونەهێلایە کورد ب ئارامی بژین تا گەهشتیە قوناغا نوکە کو ئەڤە ژی ژ زنجیرا پیلانێن وانایە هنارتنا ((pkkژ ترکیا بو هەرێما کوردستانێ، کو زور یا ئاشکەرایە ترکیا یا ئارامە وب حەزا دلێ خو یا پروژێن ئیستراتیجی وبەنداڤ وچاندن ودروست کرنا وزا کەهرەبێ وفروتنا ئافا پاقژ وهتد...مروف دبینیت کو پەکەکێ گورەپانا ناڤخو بو ترکیا یا هێلایە ڤالا و یەک عملیات یان هێرش ژلایێ (pkk) ڤە ل ناڤ ئاخا ترکیا ناهێتە ئەنجام دان. ئەرێ ما گورەپانا خەباتا(pkk) ل کیرێیە گەلۆ؟!.

ئەرێ ئەنجامدانا کارێن تیرورێ ل هەرێمێ دێ دوزا کوردی چارەکەت؟!. هەر ژبەر هەبون وکریارێن وانا یێن کێم تا نوکە ب دەهان جاران ترکیا هێرش وئوپەراسیون ل ناڤ سنورێ هەرێمێ. پێتڤییە پەکەکە و هەر لایەنەکێ سیاسی، حورمەتا سنوور و کیانێ هەرێما کوردستانێ بگریت و هەرێما کوردستانێ نەکەتە گورەپانا هەرەشە و هێرشێن خۆ، هابیت هیچ لایەنەکێ سیاسی کێشە و گرفت و ئاریشێن خو بینینە کوردستان و زیانێ بگەهینینە خەلکێ کوردستانێ. هەرلایەنەکێ خو ب کورد و نیشتیمان پەروەر بزانیت، پێتڤییە دبەرژەوەندییا ئاکنجییێن هەرێمێ دا بن وبەرژەوەندێن وانان ب پارێزن وبلا خەلکێ مە بژیت. جهێ سەرسوڕمانییە کو هەر جارەکا ئەم پێنگاڤەکێ بەرەڤ پێش ببەین، ئێکسەر دێ هندەک لایەن هندەک کریارا کەن کو زیان بگەهیتە تەڤایا کوردا، ئەڤژی جهێ نیگەرانی و ڕامانێیە!!.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای توتال جۆری پاسی ئۆیکو ١٣ نفر ڕەنگی سپی مۆدێل ٢٠١٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٠٥٧ کاتی دهوک ژمارەی شاسی: LNVDICA3XDV9025٤٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای توتال جۆری پاسی ئۆیکو ١٣ نفر ڕەنگی سپی مۆدێل ٢٠١٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٠٦١/ کاتی دهوک ژمارەی شاسی: LNVDICA35DV9034٠٠ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پێناسی باری شارستانی بەناوی (تحسين صالح مصطفى)ون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٢١٣٩٠٣٠)

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٨٢٤٥ ڕێکەوت ٢٠١٨/١٠/٢ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی دانا عبدالواحد عبو وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

قيادة قوات حرس الحدود
قيادة حرس حدود المنطقة الاولى
(امرية رحبة العينة

العدد:٤٠٣
التاريخ: ٣٠/تموز/٢٠١٩
اخطار

من/ محكمة قوى الامن الداخلي/ المنطقة الاولى/ اقليم كردستان
الى/ المتهم الهارب (المفوض/ مهدى روستم مصطفى بكر)
الساكن/ محافظة اربيل/ محلة خانزاد/ رقم الدار ٦٤٩/١/٢٠٥
اقتضى حضورك امام هذه المحكمة خلال مدة (٣٠) يوما تاريخ نشرة اذا كنت داخل العراق او خارجه للاجابة عن الجريمة المسندة اليك وفق المادة (٥ و ٣٢) ق.ع.د و بعكسه سوف تتخذ الاجراءات القانونية ضدك وتطبق بحقك احكام المادة (٦٩) ق.أ.د المتضمنة مايلي:-
١- الحكم عليك بالعقوبة المقررة لجريمتك.
٢- اعطاء الموظفين العموميين صلاحية القاء القبض عليك اينما وجدت.
٣- الزام المواطنيين بالاخبار عن محل اختفائك.
٤- حجز اموالك المنقولة و الغير المنقولة.
لواء الشرطة الحقوقي
كاكەرش عمر كريم
رئيس محكمة قوى الامن الداخلي
المنطقة الاولى – اقليم كردستان

***

مديرية تنفيذ سميل

العدد/٢٨٥/ت/٢٠١٩
التاريخ/٣١/٧/٢٠١٩
م/الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال الغير المنقولة
اسم المدين (اليشواع يوسف فرنسيس)
نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على حصتك في حق التصرف في العقارين المرقمين (١و٤٧ مقاطعة ٧٢ شيزي) العائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (٦٩٠٠٠٠٠٠) تسعة وستون مليون دينار عراقي فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالي لتاريخ النشر والا فان حصتك في حق التصرف في العقار المحجوز ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ المنفذ العدل / رير سلمان خالد

***

دادگای بەرایی دهشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٠٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٧/٦/٢٠١٩
جارِدان
بۆ داواليٚکراو (ڕێبین عبدالرحمن سعید) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (١- هوگر مغدید مجید ٢- کرم خضر ابراهیم) داوای ژمارە ١٠٤/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (قەرزەکەی بەبڕی ٨١٩٧١٧٠٤ هەشتاو یەك ملیۆن و نۆسەدو حەفتاو یەك هەزار و حەوت سەدو و چوار دیناری عیراقی دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (سەربەستی) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت ڕابگەیەنێ لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی فەرمی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دابینی ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٨) کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ٨١/تثبیت سند/ب/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت: ٢١/٧/٢٠١٩
بۆ/ داواليٚکراو (ڕێبین عبدالرحمن سعید)
داواکار (محمد شرین سلیمان اوغلو) داوای ژمارە ٨١/تثبیت سند/ب/٢٠١٩/٢ لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە گەراندنەوەی ئەو قەرزەی لاتانە بەبڕی (١٧١٠٠٠) $ سەدو حەفتا و یەك هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە دیناری عیراقی ٢٢٠,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو بیست ملیۆن دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و ڕویال ستی و گوندی ایتالی یەك) لە ٢٠١٩/٦/١٦ بڕیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دابینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادەر/ سرکوت طه رسول

***

وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
ژمارە: ١٠٢٢٠
ڕێکەوت: ٣٠/٧/٢٠١٩
پاشکۆی بانگەوازی گشتی کەمکردنەوەی نهێنی ٢٠١٩/١
ئامادە بەبانگەوازمان ژمارە (٩٣٢٨) لە ٩/٧/٢٠١٩ بۆ چاندنی مۆخی ئێسك بۆ تووشبوانی تالاسیا (Bone Marrow Transplantation) بۆ (٥٠) نەخۆش بەمەبەستی بەشداری کردنی زیاتر بڕیارماندا بە دڕێژکردنەوەی ماوەی بانگەواز تا ڕۆژی (چوار شەم) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٨ کاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆ دواکاتە بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان جا هەر کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی ب. گرێبەستە گشتیەکان بکات لە دیوانی وەزارەت بۆ کڕینی تەندەر بە نرخی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کە نادرێتەوە تێبینی/ کرێی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کارەکەی پێدەسپێردرێت.
مەرجەکانی بەشداری کردن
١- پێشکەش کردنی بارمتەی یاسایی بەشداری کردن بە گوزمەی (١٢٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو بیست ملیۆن دینار بە دەستەبەری بانکی پەسندکراو.
٢- مۆڵەتی پێدانی کارکردن لە وەزارەتی تەندروستی.
٣- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.
٤- پاکانەی ئەستۆی باجی کۆمپانیاکان بۆ ساڵی ٢٠١٩.
د. خالص قادر احمد
بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی

***

فەرمانگەی دادنووسی (بارزان)
ئاگاداری
ژمارە: ٩٨
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعید شریف تاج الدین) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٤ کە داوای تۆمارکردنی نامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئیستا دانەدراوە لە (گوندی شرێ سەر بەناحیەی بارزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا، واتە ڕۆژنك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتێ یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / کاوە محسن یزدین
نامێرەکان:
١ – میکسەر مواد تێکەل کردن ژمارە/ ٩٤٩٣ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل/٢٠١٧ توانای کارەبایی ٢hp نرخی/٣٥٠٠٠٠٠.
٢- مەکینەی پرکردن ٦ نۆزەل پمپ p٦٠٠٠ ژمارە/ ٢٠١٧١٢ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل/٢٠١٨ توانای کارەبایی ١hp نرخی/٣٥٠٠٠٠٠.
٣- دەزگای سەر قەپات کردن (دربندی بادی) ژمارە/ REF NO-B١٧A٠٩ دروستکراوی چینی مۆدێل/KAT\١٣ توانای کارەبایی ٥٠H-٢٢٠V نرخی/٣٥٠٠٠٠.
٤- دەزگای دریل Rekama/spring Balancer ژمارە/ AA-٢٠٠٤ دروستکراوی تایوانی مۆدێل/٢٠١٧ نرخی/٣٥٠٠٠٠.
٥- دەزگای چاپکردن ئوتوماتیك BEST MARK ژمارە/ P١٦T٤٥٣-١٨٠ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل/٢٠١٧ PLUS/T١٨٠ نرخی/١٦٠٠٠٠٠.
٦- دەزگای لەزگە لی دانی سەر بۆتل SHIRNK بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٦ توانای کارەبایی ٥٠H-٢٢٠V نرخی/٣٠٠٠٠٠٠.
٧- نۆزل خاص تی کردن بێ ژمارە دروستکراوی چینی مۆدێل ٢٠١٦ توانای کارەبایی ٥٠H-٢٢٠V نرخی/١٣٥٠٠٠٠.
٨- کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/ ١-٦٠٠٣٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ نرخی/ ٨٠٠٠٠٠

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٢٤٧/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٣٠/٧/٢٠١٩
جاردان
بۆ داواليٚکراو دلێر عمر احمد شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ١٢٤٧/ش/٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٢١/٧/٢٠١٩ بڕیاریدا لەسەر التفریق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار شیاء خالد ناجی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی بەختیاری بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسن کریم

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی وئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (٦٨٢)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٤٥)ك (٢٦) بێخاڵ بە مەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە و موتێل) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی ودارایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنەراو گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانوبەرەی میری

***

دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە / ١٩٢/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٣٠/٧/٢٠١٩
جاردان
بۆ / داواليٚکراو (گیلان رجب حسن) شوێنی دانیشتووی نادیار .
داواکار (دلخاس عبدالرحمن حسن) داوای شەرعی ژمارەی (١٩٢/ش/٢٠١٩) لە ئەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (لێك جیابوونەوە بە هۆی کۆچکردن) بە پێی (ئیشعاری موختاری گوندی خێلکی) وە نوسراوی بنکەی پۆلیسی بەردەرەش ژمارە (٢٣٧٦) لە ڕێکەوتی ٢/٧/٢٠١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە خۆت یان نوێنەرێکی یاساییت نامەدەیت لە ڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٢/٧/٢٠١٩ وە بە پێچەوانەوە دادبینی وەکو پێویست ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا .
دادەر / نزار خلیل ابراهیم

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١٥٠٨
ریکەوت : ٢٨/ ٧/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (جبار محمد علی) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٩٩٠٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیمان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیمان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Home office) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە و بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Tetra) بۆ بازرگانی زیندەوەرانی ئاوی جوانی و گیانەوەی مالی و گشت پێداویستیەکانی) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (طه بۆ ئالوگۆری دراو/ سنوردار) بڕیاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (طه) بۆ کۆمپانیای (خاکی سەروەر)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە شاری (هەولێر- شەقامی ٦٠م – کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٤١٤١
ڕێکەوت: ٣١/٧/٢٠١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Home office) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە و بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Home office) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە و بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٣/٧/٢٠١٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد درید نورالدین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٣١/٧/٢٠١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٤٠٩٤
ڕێکەوت: ٣٠/٧/٢٠١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (WEST LAND TRAVEL) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (WEST LAND TRAVEL) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٩/٧/٢٠١٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (لاوەند شفیق توفیق) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٣٠/٧/٢٠١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٢٤٦٣
ڕێکەوت: ٧/٧/٢٠١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Tetra) بۆ بازرگانی زیندەوەرانی ئاوی جوانی و گیانەوەی مالی و گشت پێداویستیەکانی/ سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Tetra) بۆ بازرگانی زیندەوەرانی ئاوی جوانی و گیانەوەی مالی و گشت پێداویستیەکانی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (١٨/٦/٢٠١٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هاژە فؤاد عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٧/٧/٢٠١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٩٣٠
ریکەوت : ٢/ ٥/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (سمنە ابراهیم سمین) خاوەنی زەوی ژمارە هەوانی (٤٨٠١) داوای ریگا پێدانی کردوە بەمبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان
ژمارە/ ٣٥٢٥/٢٩/٧
ریکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بۆ جاری دووەم ئەو(کەس و کۆمپانیا)یانەی کەلە بواری چێشتخانە شارەزیان هەیە (ئەوانەی مۆڵەتی فەرمیان لە ئامادەکردنی خواردن) هەیە، ئاگادار دەکاتەوە کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کەمگیری نهێنی بەکرێدانی کافتریای بینا کانی (سکوڵی پزیشکی و خوێندنی ئاینی و بەڕێوەبەرایەتی بەشی ناوخۆیی کچان) جاهەر بەڕێزێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با لەرۆژانی (٢٠١٩/٨/١)تا(٢٠١٩/٨/١٨) سەردانی(سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) بکات بۆ وەرگرتنی تەندرو مەرجەکانی بەشداری کردن و دانانی بارمتەی سەرەتایی لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆ.
پ.د. ولی محمود حمد/ سەرۆکی زانکۆ
مەرجەکان
١- نرخی هەر تەندەرێك(٣٠٠٠٠)تەنها سی هەزار دیناری کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنە کەی.
٢- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٣- مەرج نیە زانکۆ بە کەمترین نرخ رازی بێت.
٤- ماوەی بەکرێدانەکە تەنها(١) یەك ساڵی خوێندنە (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) لەرێکەوتی واژوکردنی گرێبەستەوە.
٥- لەگەڵ تەندەری گەرێنراوە پێویستە بارمتەی سەرەتایی بەبڕی(٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بەشێوەی وەصل لەبەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆ بهێنێ. وێنەی أصلی و کۆپی مۆڵەتی فەرمی لەبواری کارەکەی(دوای کرانەوەی تەندەر وێنەی أصلی بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنرێتەوە) ناسنامەی باری کەسی، رەگەزنامەی باری شارستانی، یاخود کارتی نیشتمانی یاخود ، پوختەی سیڤی خۆی لەبواری شارەزایی لە کارەکەیدا)هەر تەندەرێك یەکێك لەم بەرایینەی لەگەڵ نەبێت پشتگوێ دەخرێت.
٦- هەر فەرمانبەرێك لەوەزارەتەکانی تر کەبەشداری زیادکردنەکە دەکات دەبێت پلەی وەزیفی لەچوار بەرەو سەرەوە بێت واتە دەبێت لە (٥-٦-٧-٨-٩-١٠) بێت.
٧- دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان رۆژی(یەك شەممە) ریکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٥) کاتژمێر(١٠) ی بەیانی دەبێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت، وە لەهەمان رۆژدا کاتژمێر(١٠:٣٠)ی بەیانی تەندەرەکان دەکرێنەوە
***
دادگای باری کەسێتی / ٣
ژمارە : ٤٧٢٠ / ش / ٢٠١٨
بەروار : ٣٠/ ٧/ ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : هێمن ابوبکر حمە علی
داوالەسەرکراو : سەرمەست سردار رحیم
داواکار (هێمن ابوبکر حمە علی) داوایەکی بە ژمارە (٤٧٢٠ / ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت،وە لەم داوایە داوای (پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا) دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت بە گوێرەی یاسی پێڕاگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە، وە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە رۆژی دابینی کە دەکەوێتە بەروای (٢٠١٩/٨/٢٦) سەعات (٩:١٥) ی سەرلەبەیانی بە پێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبین یان بڕیکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نا ئامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .....
دادەر / قادر بارام فتاح
***
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان
ژمارە/ ٣٥٢٤/٢٩/٧
ریکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بۆ جاری دووەم خاوەن کۆمپانیاکانی تایبەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاری هێڵی ئینتەرنێت ئەو کەسانەی کە مۆڵەتی فەرمی کارکردنیان هەیە لەو بوارەدا ئاگادار دەکاتەوە کەوا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کەمکردنەوەیەکی نهێنی بۆ (پرۆژەی دابینکردنی خزمەتگوزاری هێڵی ئینتەرنێت بۆ زانکۆی کۆیە) جاهەر بەڕێزێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با لەرۆژانی (٢٠١٩/٨/١)تا(٢٠١٩/٨/١٨) سەردانی(سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی)بکات بۆ وەرگرتنی تەندەر دوای بڕینی وەصڵی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆ.
پ.د. ولی محمود حمد/ سەرۆکی زانکۆ
مەرجەکان
١- نرخی هەر تەندەرێك(٥٠٠٠٠)تەنها پەنجا هەزار دیناری کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.
٢- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٣- مەرج نیە زانکۆ بە کەمترین نرخ رازی بێت.
٤- ئامادەبوونتان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر مافی خۆتانە، هەربەڕێزێك ئامادەنەبێت دواتر مافی ئەوەی دەفەوتێت کە گازاندە پێشکەش بکات سەبارەت بە پرۆسەی کردنەوەکە.
٥- لەگەڵ تەندەری گەڕێنراوە پێویستە ئەم بەڵگەنامانە پێشکەش بکرێت (وێنەیەك لەبروانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا، وێنەیەك لەکارە ئەنجامدراوەکانی واتا (الاعمال المماثلە)، بارمتەی دارایی سەرەتایی بەدەستەبەری دارایی (خطاب ضمان) بەبڕی تەنها (٤٠٠٠٠٠٠) (تەنها چوار ملیۆن دیناری عێراقی) هەر تەندەرێك یەکێك لەم بەرایینەی لەگەڵ نەبێت پشتگوێ دەخرێت.
٦- دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان رۆژی(پێنج شەممە) ریکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٢) کاتژمێر(١٠) ی پێش نیوەڕۆ بەبێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت، وە لەهەمان رۆژدا کاتژمێر(١٠:٣٠) تەندەرەکان دەکرێنەوە
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردن لە سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردن لەکەلار
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە : ٤٤٥ / ت د/ ٢٠١٨
بەروارى : ٢٨ / ٧ / ٢٠١٩
زیادکردنی ناشکرا
بۆ پێداویستی دۆسیەی ژمارەی سەرەوە ولەسەر داوای خاوەن قەرز (عدنان مجید حمید) لەرێگەی بریکارەکەیەوە ، وە بە پێی مادەی (٥٥) لە یاسای جێ بەجێکردن، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی کۆمپانیای (دریم لاین بۆ خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت / سنوردار) کەتۆمارکراوە بەناوی قەرزار (سلام عبداللە رحیم) بەرێگەی زیاد کردنی ناشکرا بە نرخی خەمڵێنراوی بە بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠) دوانزەملیۆن دینا لەگەڵ مۆلیدەی کارەبایی لەجۆری (پیرکنس) (perkins) (١٥٠) کەیڤی مۆدیڵ (٢٠١٠) حار هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات ، وە لە (١٠٪) نرخی خەمڵێنراوی سەرەوەی پێبێت وەکووبارمتەی یاسایی لەگەڵ ڕەگەزنامەی عێراقی ، کرێی جارچی و خەرجی تۆمار لە ئەستۆی کڕیارەو زیاد کردنەکە لە (١٢) ی نیوەڕۆ لە بەروای (٢٠ / ٨ / ٢٠١٩) لەناو بینای بەڕێوەبەرایەتیان ئەنجام دەدرێت کەدەکەوێتە بینایی دادگای بەرای کەلار .
جێ بەجێکاری داد / سوران احمد محمد
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١٥٢٧
ریکەوت : ٣٠/ ٧/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (حیدر احمد محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوانی (٤٣٨٠) داوای ریگا پێدانی کردوە بەمبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو
ئاگاداری
بریاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی سەرلەنوێ بشت بە چەسپابوونی خاوەندارییەتی تەواوی خانووبەر ژمارە (١٤٠١/٣٢) کەرتی (٩١ جوار زاخو) بە ناوی داواکار تومارکردن (عصمت سعید عفدو) بە پێ ی بریار چەسپاندنی خاوەندارییەتی لە رۆژی ٢٠١٩/٧/٢٩ کە لەم فەرمانگایە دەرچوویە ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەم بریارە
دەدەینە ئاگادارکردن ئنجا هەر کەسێ پەیوەندییەك بدم خانووبەرە یە هەبیت داوای خۆی پێشکێشی
دادگای پەیوەندیدار بکات لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یەوە،
دوای تەواوبوونی ماوەیە بە پێی و دیاربوونی هیچ ئاگادارییەك لە دادگا بە پێشکێشکردنی داواییەك
لەو ماوەی دیارکراو ئەم فەرمانگایە دەست بە تومارکردنی دەکات بە پێ ی فەرمانی چەسپاندنی خاوەندارییەتی .
دادەر/ یوسف الیاس سدن
سەروکێ لیژنەی چەسپاندن
خاوەندارییەتی لە زاخو
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤
ژمارە: ٤٩٣٨/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٦/٢٤
ئاگانامە
داواکار/ لمیاء احمد شکر
داوالێکراو/ صلاح الدین صباح صلاح الدین
ئاگادارت دەکەینەوە داواکار (لمیاء احمد شکر) داوایەکی بەژمارە (٤٩٣٨/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەو دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەروارى (٢٠١٩/٤/١٨) بە (جیابوونەوە) بەهۆی بەجێهێشتن لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاسایدا هەلنەستیت بە تانە لێدانی یان پێداچوونەوەی (تەمیزی بریارەکە) ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ صالح احمد عبدالله
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٧٩٠ /ش/٢٠١٨
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٢٩
راگەهاندن
بو/داوالێکری (ولید حسین شینو) ل دوێڤ داخازیا داواکار (فیال علی نجم) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا لێك جودابونێ ژ تە کریە وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دوێڤ نڤیسارا بەربژارێ کومەلگەها مسیریکێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٩ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڕوژا ٢٠١٩/٨/٧ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادەر/ زیڤان احمد حسین
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/ ١١٥٤ /ت/٢٠١٨
ڕێکەفت/٢٠١٩/٧/٣٠
پێڕاگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار (توما یوسف فرنسیس)
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئێوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٣٥٢٨٠٠٠٠) سیە وپینج ملیون ودوو سەد وهەشتی هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاوەن قەرز (فبرونیە جبو حنو) بە پێی مادەە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێڕابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕوژ لە دوای ڕوژی پێڕاگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٦٣٠٠٠٠٠٠) شیست وسێ ملیون دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێی یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/ ١١٥٢ /ت/٢٠١٨
ڕێکەفت/٢٠١٩/٧/٣٠
پێڕاگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار (فرنسیس یوسف فرنسیس)
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئێوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٣٥٢٨٠٠٠٠) سیە وپینج ملیون ودوو سەد وهەشتی هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاوەن قەرز (فبرونیە جبو حنو) بە پێی مادەە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێڕابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕوژ لە دوای ڕوژی پێڕاگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٦٣٠٠٠٠٠٠)شیست وسەصت ملیون دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێی یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/ ١٠١٥ /ت/٢٠١٨
ڕێکەفت/٢٠١٩/٧/٣٠
پێڕاگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار (بیی حنا تومای)
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئێوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٣٩٦٩٠٠٠٠) سیە ونەە ملیون وشەش سەد ونوت هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاوەن قەرز (تومای کورکیس حنا) بە پێی مادەە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێڕابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕوژ لە دوای ڕوژی پێڕاگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٧٠٠٠٠٠٠٠)حەفتی ملیون دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێی یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/ ٢٨٤ /ت/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/٧/٣٠
پێڕاگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار (سرە یوسف فرنسیس)
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئێوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٣٥٢٨٠٠٠٠) سیە وپینج ملیون ودوو سەد وهەشتی هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاوەن قەرز (فبرونیە جبو حنو) بە پێی مادەە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێڕابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕوژ لە دوای ڕوژی پێڕاگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٦٣٠٠٠٠٠٠) شیست وسێ ملیون دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێی یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Active labour) بۆ هێنانی دەستی کاری بیانی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (WEST LAND TRAVEL) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	UBD Specialist
Work Location	Field (Tawke)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities
- Coordinates UBD operations with Drilling Contractor and UBD Service Company to ensure compliance with work programs, Norsok standards and DNO procedures.
- Organizes pre-job and daily meetings for UBD (Operations and safety) in conjunction with DSV
- Prepares detailed procedures and crew instructions for UBD well operations.
- Present during all major UBD operations such as PJSM, TBT, placing the well under balance, killing the well, flow testing etc.
- Directly responsible for inflow testing and build up, calculate PI and ensures UBD Contractor delivers high quality results in timely manner
- Monitors data quality and deliverables from UBD package including UBD DDRs, graphs, inventory
- Responsible for QA/QC of all equipment prior to mobilization and on site
- Tracks UBD cost reports against actual consumable used/crew on location etc. Makes suggestions to lower cost where applicable
- Creates input for End of Well UBD report
- Records deficiencies and creates and updates lessons learned and best practices
- Follows up with UBD contractor and DNO to update progress before and after wells

Required Qualifications and Experience
- The UBD Specialist must have a minimum of 15 years' experience in MPD / UBD operations in a Supervisory role
- Must be able to demonstrate specific experience in UBD flow drilling operations and specifically with concentric casing injection
- Experienced in a UBD/MPD Engineer role and able to demonstrate competency in UBD calculations.
- Experienced in onshore drilling operations

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/ ١٠١٤ /ت/٢٠١٨
ڕێکەفت/٢٠١٩/٧/٣٠
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار (مرقوز یوسف فرنسیس)
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (٤٧ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئێوە بە بنبڕی فڕۆشرا بە بڕی (٣٥٢٨٠٠٠٠) سیە وپێنج ملیۆن ودوو سەد وهەشتی هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاوەن قەرز (فبرونیە جبو حنو) بە پێی ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بڕیاردرا فرۆشتنەکانتان پێڕابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەہ ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بڕی (٦٣٠٠٠٠٠٠)شیست وسێ ملیۆن دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێی یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٦/٥٣٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣٠
ڕاگەهاندن
بڕیار هاتە دان ب فروتنا ترومێلا ژمارە (١٤٦٧٠/دهوك تایبەت) جۆرێ (تویوتا فورتیۆر ستیشن) مودێل (٢٠١٤) ڕەنگ (سپی) ئەوا تۆمارکرى بناڤێ (جلنك رشید نورى) هەر کەسێ بڤێت بکڕیت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدە نیڤرو ل ڕوژا (١٠) دەهێ پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بنیەت برێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٢٥٨٠٠٠٠٠) بیست وپێنج ملیۆن وهەشت سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لەسەر بکرى یە
ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٩٤٥ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٧/٣١
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (جولیت خامیس یوسف)
ژبەر نەزانین نەیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕوژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا قێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢٠١٩/ت/٦٥٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣٠
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا مولکی ژمارە (١٢/١ کەرتێ ٥/انجکە صور) یا قەرزدار (فضة احمد ابراهیم) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژانـدا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیستەندنی ودەلالیێ لسەر بکرى نە ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٢/١ کەرتێ ٥/انجکە صور)
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ خوی یە ب بارانی دئێتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٩٥) دونم
بهایێ هاتیە دانان :- (٣٤٢٠٠٠٠٠٠) سێ سەد وجل ودوو مەلیون ودوو دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ١٥٥/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (فریق ابراهیم درویش) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕوژی ٢٠١٩/٧/١١ لە داوای ژمارە (١٥٥/ب/٢٠١٩) ب پێگێریکرنا تە بو داواکارى (مدیر مفوض شرکة ارض الافراح اضافة لوظیفتە) ب دانا پارەی یێ مای ژ گرێ بەستا فروتنا خانیێ ژمارە ٤٠٧ یا هاتیە تومارکرن لسەر زەڤیا ژمارە (١٩٨٥٦/١ کەرتی ٤١ کرى بانی) کۆژمێ (٢٦٠٠٠) بیست وشەش هزار دولار امریکی کو دبیتە (٣١٢٠٠٠٠٠) سیە ویەك ملیۆن ودوو سەد هزار دینار دگەل ماندیونێت پارێزەرى دوو ملیۆن دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعارى موختارى گەرەکی وارفین ستی ل ڕوژا ٢٠١٩/٧/٢٩ بۆیە دادگا بریارى دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆى دوو ڕوژنامەی ناوخۆیێ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وتە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەر دەکریت بەپێی یاسا دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
سەروکاتییا باژێرڤانییا شیلادزێ
مولکایەتی
ژمارە: ٥٦٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٨
ڕاگەهاندنا نەخشە
نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوك یا ژمارە (٦٢٣) ل (٢٠١٩/٧/٢٨) ئەوا ئاماژە دایە نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (١٨١٣) ل (٢٠١٩/٧/٩) ئەوا ئاماژە دایە نڤیسارا وەزارەتا باژێرڤانیا و گەشت و گوزار/ ر.گ. نەخشەدانانا ئاڤەدانی بێن ژمارە (٤٩٢٦/٩٠٠) ل (٢٠١٩/٦/١٢) و (٧٨٥٢) ل (٢٠١٨/١٠/٢٤) و (٥٤٨٠/٩٠٠) ل (٢٠١٨/٨/٥) و (٣٩٨٥/٩٠٠) ل (٢٠١٨/٦/١٠) هیڤی یە بو ماوێ (٦٠) ڕوژان ڕاستڤەکرنا نەخشێ بنەڕەتی یێ شێلادزێ و گهورینا چەند دەڤەرەکا دنەخشێ بنەڕەتی یێ شێلادزێ دا (بینای گشتی- سەوزایی و ڕێرەوی شەقام) و وەك دنڤیسارا وەزارەتێ دا هاتیە دیارکرن ژبو بەرژەوەندی یا گشتی و پاراستنا دارستانێن کاژا ل دەڤەرێ بهێتە ڕاگەهاندن د ڕوژنامە هەوەدا ئەڤجا هەر کەس و لایەن یان هەر فەرمانگەهەکی گازندە یان تێبینیەك هەبیت لسەر وی نەخشەی بلا ئاگەهداریا سەروکاتیا باژێرڤانیا شیلادزێ بکەن د وی ماوێ دیارکرى دا چونکە پشتی بدوماهیك هاتنا ماوێ یاسایی کەسەکێ ماف نینە چ داخازیا لسەر وی نەخشەی بکەت بوزانین.
ئەندازیار / سربست حسین تازدین
سەروکێ باژێرڤانییا شیلادزێ
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە:٨٥١/ب/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/٢٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (شێروان محمد احمد)
ئاماژە بەداواى بەرایی ژمارە (٨٥١/ ب/٢٠١٩/٤) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (رفیق محی الدین حجو) ئەم دادگایە لە ڕۆژى (٢٠١٩/٧/٨) بە پاشملە بڕیارى دا بە پابەندکردنت بەدانى بڕى (٨٧٠٠٠) دۆلار ئەمریکى بەرامبەر (١٠٤,٤٠٠,٠٠٠) دینارى عیراقى بە داواکار بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگاى دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیى ڕۆژانە وە ئێوە مافى (اعتراض) و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بریارى نەهاتووى پاشملەى دادگا لە ماوەى یاسایى بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەى کۆتایى وەردەگرێت.
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ١٤٤٨/ ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣١
جاردانی کەل و پەلی گلدراوە
ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (١٤٤٨/ ٢٠١٩) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەل و پەلانەی خوارەوە کە بەبڕی (٣,٤٩٥,٠٠٠) ملیۆن) دینارە قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ناشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (هیرو علی عبدالله) کە برەکەی (١١٥,٢٥٠) دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دواى بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکارى داد/ هەردى حمدامین همزه
***
سەرۆکایەتی لێژنەی بریارى ٢٢٢
سالّى ١٩٧٧
ژمارە: ٢٧٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگادارى
ئاگادارى خاوەن پارچە زەوى ژمارە (٤٧٢) کەرتى ٥/عنکاوە هاوولاتیان (محمد و علی و اسماعیل) کورانى (مولود محمود) دەکەینەوە کەوا لیژنەى بریارى (٢٢٢) سالى ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژانەوەى بەشێك لە پارچە زەوى ئاماژە پێکراو بۆ بەڕژەوەندى سەرۆکایەتى شارەوانى هەولێر جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژى ٢٠١٩/٩/٢ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە ئەگەرنا بەپێچەوانەوە لێژنە کارى یاسایى خۆى ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی/ سەرۆکى لێژنە
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەى دۆسیە: ٢٠١٩/٢٥٠٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٩
ئاگادارى
بۆ/ فاطمه حمد عبدالله
لەبەر نەزانین و نادیارى شوێنى نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێى ماددەى (٢٧) لەیاساى جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەیەکى ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەى (١٥) ڕۆژ لەڕۆژى دواى بڵاوکردنەوەى ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتى یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانى ڕێکارەکانى جێ بەجێ کردنى دانەوەى قەرزى (ازاد عمر احمد) کە بڕى (١٢٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێى یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکارى داد/ کالێ قادر پیرۆت
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەى دۆسیە: ٢٠١٩/٢٥١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگادارى
بۆ/ کریمه سعید عزیز
لەبەر نەزانین و نادیارى شوێنى نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێى ماددەى (٢٧) لەیاساى جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەیەکى ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەى (١٥) ڕۆژ لەڕۆژى دواى بڵاوکردنەوەى ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتى یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانى ڕێکارەکانى جێ بەجێ کردنى دانەوەى قەرزى (ازاد عمر احمد) کە بڕى (١٢٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێى یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکارى داد/ کالێ قادر پیرۆت
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەى دۆسیە: ٢٠١٩/٢٥١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگادارى
بۆ/ عرفان عبدالقادر توفیق
لەبەر نەزانین و نادیارى شوێنى نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێى ماددەى (٢٧) لەیاساى جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەیەکى ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەى (١٥) ڕۆژ لەڕۆژى دواى بڵاوکردنەوەى ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتى یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانى ڕێکارەکانى جێ بەجێ کردنى دانەوەى قەرزى (ازاد عمر احمد) کە بڕى (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێى یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکارى داد/ کالێ قادر پیرۆت
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەى دۆسیە: ٢٠١٩/٢٥١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگادارى
بۆ/ رعد محمد علی رفعت
لەبەر نەزانین و نادیارى شوێنى نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێى ماددەى (٢٧) لەیاساى جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەیەکى ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەى (١٥) ڕۆژ لەڕۆژى دواى بڵاوکردنەوەى ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتى یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانى ڕێکارەکانى جێ بەجێ کردنى دانەوەى قەرزى (ازاد عمر احمد) کە بڕى (٧٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێى یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکارى داد/ کالێ قادر پیرۆت
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەى دۆسیە: ٢٠١٩/٢٥١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٩
ئاگادارى
بۆ/ فاطمه حمد عبدالله
لەبەر نەزانین و نادیارى شوێنى نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێى ماددەى (٢٧) لەیاساى جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگاى ڕۆژنامەیەکى ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەى (١٥) ڕۆژ لەڕۆژى دواى بڵاوکردنەوەى ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتى یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانى ڕێکارەکانى جێ بەجێ کردنى دانەوەى قەرزى (ازاد عمر احمد) کە بڕى (١٠٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێى یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکارى داد/ کالێ قادر پیرۆت
***
وەزارەتى شارەوانى و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتى گشتى شارەوانیەکانى سلێمانى
بەشى پلان دانان و بەدواداچوون
ژمارە : ٨٣٨٦/٢٠٠
بەروار: ٢٠١٩/٠٧/٢٩
بانگەوازى ژمارە (٥) سالى (٢٠١٩)
کەم کردنەوەى نهێنى/ بانگهێشتى کراوە
بۆ پرۆژەى تەواوکردنى قیرتاوکردن ودروستکردنى شۆستە بۆ گەڕەکى سپى حەسار چەمچەمال بەڕیوبەرایەتى گشتى شارەوانیەکانى سلێمانى بانگهێشتى کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیاو بەڵێندەران دەکات ئارازووى بەشدارى کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنیە سەردانى بینایى (بەڕێوەبەرایەتى گشتى شارەوانیەکانى سلێمانى / بەشى پلاندانان) بکات لەنهۆمى دووەم بەمەبەستى وەرگرتنى تەندەر بەرامبەر(١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینارى عیراقى کەناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کڕێى بلاوکردنەوەى ئاگادارى ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆى ئەو بەڵێندەرەى کەتەندەرى بۆ دەردەچێت.
١-وەرگرتنى تەندەر لەڕۆژى (٢٠١٩/٧/٣٠) دەست پێ دەکات تا ڕۆژى(٢٠١٩/٨/١٨) لەکاتژمێر (٩)بەیانى تا کاتژمێر (١٢)ى پاش نیوەڕۆ
٢-ڕۆژانى گەراندنەوەى تەندەر بەردەوام دەبێت تا(٢٠١٩/٨/٢١) کاتژمێر (١١) ى پێش نیوەڕۆ
٣-ڕۆژى کردنەوەى ئاشکرا کردنى تەندەر لەهەمان ڕۆژ(٢٠١٩/٨/٢١) دەبێت دواى داخستنى صندوقى تەندەر
٤-هیچ تەندەرێك لەدواى کاتى دیارى کراو وەرناگیرێت وصندوقى تەندەر دادەخرێت
٥-ئەگەر ڕۆژى کردنەوەو ئاشکرا کردنى تەندەر بوو بەپشووى فەرمى بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژى دەوامى دواى پشووەکە دەبێتە ڕۆژى کردنەوەى تەندەر
٦- پێویستە بەلێندەر لەکاتى نەگەرانەوەى تەندەر نامەى لێبوردن (اعتذار) پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکارى نەگەرانەوەى تەندەرەکە دیارى بکات
٧- پێویستە بەلێندەر لەکاتى گەرنەوەى تەندە ر ئیمیل (Email) ى تایبەت بەخۆى پێشکەش بکات
٨-پێویستە کۆمپانیاکان لەدواى بەروارى کردنەوەى تەندەر بەبەردەوامى سەردانى بەرێوبەرایەتى گشتى شارەوانیەکانى سلێمانى (بەشى پلان دانان بکەن بەمەبەستى وەرگرتنى زانیارى لەسەر ئەسپاردەکردنى پرۆژەکە پالپشت بە مادەى (٣٧) برگەى (٢) لە ڕێنمایى جێبەجێکردنى گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢) ى سالى (٢٠١٦)
٩-بەلێندەر یان کۆمپانیا نامادەى کردنەوەى تەندەر بیت یان نوێنەرێك بەنوسراوى فەرمى دیارى بکات و ئامادەبێت ئەگەر نامادەش نەبێت پرۆسەى کردنەوەى تەندەر بەردەوام دەبێت
١٠-بەلێندەر بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردەوەیەك لەسەر تەندەرى پرۆژەکە دەتوانێت سەردانى بەڕێوبەرایەتى گشتى شارەوانیەکانى سلێمانى) بەشى پلان دانان بکات پێش کردنەوەى تەندەرەکان پان پەیوەندى بەژمارە تەلەفۆنى (٠٥٣٣١٩٥١٥٨) (٠٥٣٣١٨٧٦٦٤) وەبکەن (مەرجەکانى بەشدارى کردن)
١-ئەو کۆمپانیاو بەلێندەرە ناوخۆییانەى کەبەشدارى دەکەن پێویستە پلەى پۆلێنکردنیان لەپلە(٢-٨) دا بێت وپێناسى پۆلین کردنیان پێبێت کەلە(وەزارەتى پلاندانان) ٥ەرچوبێت وبەڕوارى بەسەر نە چو و بێت
٢- ئەو کۆمپانیاو بەلێندەرە نیشتیمانیانەى کە لەدەرەوەى هەرێمن پێویستە تۆمارین و پشتگیرى کردنەوەى لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتى بازرگانى هەرێم
مەرجەکانى ئەسپاردەکردن
١-پێویستە بەلێندەر نوسراوى کردنى تەندەر(کتاب العطاء) هاوپێچ بکات لەگەل تەندەرەکەدا
٢-ماوەى جێ بەجێکردنى پرۆژەکە بڕیتیە لە (١٠٠) سەد ڕۆژى(ڕۆژمیرى)
٣-پێویستە لەسەر بەلێندەر پەبەندى ڕێنمایى جێبەجێکردنى گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢)ى سالى (٢٠٠٦) بێت کەلە وەزارەتى پلان دانان دەرچووە
٤-کۆمپانیاکان ئەبێت ئەستۆ پاکى باجى دەرامەت بۆ سالى(٢٠١٩) بهێنن و ئاراستەى بەڕێوەبەرایەتى گشتى شارەوانەکانى سلێمانى کرابیت وەپشتگیرى بەڕێوبەرایەتى تۆمارى کۆمپانیاکان کرابن بۆ سالى (٢٠١٩) وەبریارى ڕەزامەندى دامەزراندنى کۆمپانیا هاوبەشەکان تیایدا دیارى کرابن
٥- پێویستە کۆمپانیا پێکهاتەى کارگیرى دامەزراندنى کۆمپانیاکەى پێشکەش بکات
٦- بارمەتى سەرەتایى پرۆژەکە بریتیە لەبەلێنامەى نوسراو بۆ دەستەبەر کردنى تەندەر
٧- مەرج نیە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت
٨- ماوەى بەسەر چوونى تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدواى داخستنى صندوقى گەرندەنەوەى تەندەر
٩- دواى داخستنى صندوقى تەندەر هیچ نامەیەکى خۆپاریزى (تحفظ) کارى لەسەر ناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە
١٠- بەڕێوبەرایەتى گشتى شارەوانیەکانى سلێمانى مافى هەلوەشاندنەوەى پرۆسەى تەندەرى هەیە پێش دەرچوونى فەرمانى سپاردن
ئەندازیار/ کەمال مصطفی سعید
بەڕێوەبەرى گشتى شارەوانیەکانى سلێمانى
***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Operations Drilling Engineer
Work Location	Dubai
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities
- Participates in HSSE and nonconformance event investigations and reporting as required.
- Conducts safety audits when on field visits
- Prepares Drilling Programs
- Prepares well operations procedures e.g. Casing running and cementing and follows the execution of programs technically
- Performs offset well analysis
- Prepares input for the Well Proposal and Basis of Design • Performs casing and tubing design using Landmark software
- Prepares timely End-of-Well reports
- Participates in selection and evaluation of service companies, suppliers and equipment
- Ensures proper communication with relevant parties – service providers and stakeholders etc
- Participates in cost control of programs Vs AFE by analyzing solutions.
- Reviews new technology for possible application to project
- • QA/QC of data in Daily Drilling Report
- • Monitors daily Time/Depth progress
- Monitors daily Cost/Depth progress Vs AFE
- Record and monitor operational NPT trends
- Evaluates results Vs goals and performance of service companies
- Initiates engineering corrective action to ensure a process of continuous improvement
- Performs engineering studies to solve recurring problems (wellbore stability, lost circulation, washouts, etc)

Required Qualifications and Experience
- The Operations Drilling Engineer must have a Bachelors or Masters degree in a relevant subject, preferably Petroleum Engineering.
- Minimum of 8 years' experience in Drilling Engineering with proven success in a relevant Drilling Engineer role.
- Competent user of Landmark drilling engineering software
- Experienced with MPD and UBD operations.
- Experienced in onshore operations

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Junior Drilling Engineer
Work Location	Dubai
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
The Junior Drilling Engineer is responsible for well engineering and operations support for one or more rigs including preparing Well Proposals, Basis of Designs, Drilling Programs and Procedures, AFE's and End of Well Reports. This is a development position for an Iraqi National from the Kurdistan Region.

Key Responsibilities:
- Prepares Drilling Programs
- Prepares well operations procedures e.g. Casing running and cementing and follows the execution of programs technically
- Performs offset well analysis
- Prepares input for the Well Proposal and Basis of Design • Performs casing and tubing design using Landmark software
- Prepares timely End-of-Well reports
- Participates in selection and evaluation of service companies, suppliers and equipment
- Ensures proper communication with relevant parties – service providers and stakeholders etc
- Participates in cost control of programs Vs AFE by analyzing solutions.
- Reviews new technology for possible application to project
- • QA/QC of data in Daily Drilling Report
- • Monitors daily Time/Depth progress
- Monitors daily Cost/Depth progress Vs AFE
- Record and monitor operational NPT trends
- Initiates engineering corrective action to ensure a process of continuous improvement
- Performs engineering studies to solve recurring problems (wellbore stability, lost circulation, washouts, etc)

Required Qualifications and Experience
- Kurdish National
- Bachelors or Masters degree in a relevant subject, preferably Petroleum Engineering.
- Minimum of 2 years' experience in Drilling Engineering with an Operator including time spent at the wellsite and in the office.
- Fluent in spoken and written English

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/8/1 ژمارە (5802)
خەبات

ئەو کچەیلاّبە شیری مەمکەکانی باوکی لە مردن رزگار کرد



حەیدەر عەبدولڕەحمان

هەندێ لەتابلۆ جیهانیەکان مشتومڕێکی زۆریان لەنێو خەڵکی و ڕەخنەگرە شێوەکارەکاندا کان دروست کردووە، چونکە ئەوان دڵنیان کە هەر یەکێ لەو تابلۆیانە سەربوردەی تایبەتی خۆیانیان هەیە کەوێنەکێشەکان یا لەواقیعی دەوروبەری خۆیاندا یاخود لەداستانە جیهانییەکاندا وەریان گرتووە کردوویانە بەسەرچاوەی بابەتەکانیان، یەکێ لەوانیش ئەو تابلۆ ناوداڕەی نیگار کێشی ئیسپانی مۆریللۆ بەرتولۆمی ئیستیبانە، کە تێیدا دیارە پیرەمێردێکی بەسالاّچوو شیر لەمەمکی کیژۆلەیەکی ناسکدا دەخوات.

چیرۆکی ئەم تابلۆیە لەکاتی خۆیدا هەموو ڕۆمای هەژاندووە، چیرۆکەکەش لەوە دایە کە خواوەندی دادوەری فرمانی لەسێدارەدان بۆ (سیمون)ی بەسالاّچوو دەردەکا بەبرسی کردن و تینوو کردنی لەزیندانێکی گچکەلانەدا تا گیان لەدەست دانی، هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکی لێ قەدەغە دەکرێت، تەنها ئەوەندە نەبێت کە پاسەوانەکان لەسۆنگەی بەزەیی پیاهاتنەودا ڕێگەیان بە (بیرۆ)ی کچی داوە ڕۆژانە بۆ ماوەی کاژێرێک باوکی خۆی ببینێ، بەلاّم بەو مەرجەی هیچ جۆرە خواردن و خواردنەوەیەک لەگەلّ خۆیدا نەبات بۆ باوکی.

بەلاّم کاتێ (بیرۆ) سەردانی باوکی دەکردو دەیبینی باوکی لەو هەلو مەرجە تفت و تاڵەدا دەژی و لاشەکەی یەک پارچە دادەهێزرێ بەهۆی ئەو برسیەتی و تینوویەتیە قورسەوە، ئارامی لێ هەلّدەگیرا و نەیدەزانی چۆن ئەو باوکە بەسالاّچووەی لەمردن رزگار بکات، ئەوە نەبێت کە ناچاری ئەوە بێت بە نهێنی و لە گۆشەیەکی زیندانەکەدا شیری مەمکەکانی خۆی بداتێ و جوانترین و گەورەترین هێمای خۆشەویستی و قوربانی دان نیشان بدات.

پاسەوانەکان کەجاران ئەو پیاوە بەسالاّچووەیان دەبینی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بێ هێز ترو لاوازتر دەبوو، لەچاوەڕوانی ئەوە دابوون کە لەهەر چرکەیەکدا گیان لەدەست بدات، دووچاری سەرسوڕمان بوون کەبینیان پیرەمێرد گەش بۆتەوەو ئەو ماوە درێژەی بەبرسیەتی و تینوویەتی تێپەڕین، هیچ کارێکییان نەکردۆتە سەری، هەموو پاسەوانەکان سەریان لەو نهێنییە سوڕمابوو، بۆیە گومانییان پەیدا کردو دەنگۆی ئەوەیان بلاّو کردەوە کە ئەو پیاوە پیاوێکی پیرۆزی خواییەو فریشتەکان شەوانە لەئاسمانەوە نان و ئاوی بۆ دێنن، بۆیە پیرەمێرد گەش بۆتەوەو باکیشی بەو سزایە نیە کە بەسەریاندا سەپاندووە، کاتێکیش خواوەندی داد بەمەی زانی لەترسی ئەوەی نەبادا ئەو پیرە مێردە بە سالاّچووە پیرۆزە تۆڵەی لێ بستێنێتەوەو ئازاری بدات، دەست بەجێ بڕیاری دا کە دەبێت ئازاد بکرێت..

ئەم تابلۆیە گەشتی زۆرینەی وڵاتانی جیهانیی کردووەو لەموزەخانە بەناوبانگەکانی جیهان نمایش کراوە، بۆتەوەی سەراپای مرۆڤایەتی بێبەش نەبێت لەبینینی ئەو تابلۆ پر لەداهێنانە کەپڕبەتی لەمانای بەرزی مرۆڤایەتی و فەلسەفەی دەسەلاّتی بەسەر بەرجەستە کردنی ئەو ڕووداوە مرۆییە کە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندووە وەفاو قوربانی دان لەپێناو یەکتری دا، بۆیە ڕەخنەگرە نیگارکێشە جیهانییەکان پێیان وایە بابەتی تابلۆکە هەم سروشتێکی بەهێزی داوەتە نیگارکێش بۆ ئەوەی بەفانتازیایێکی جوانتر لەخۆی لەڕووداوەکە بڕوانی و لەئاستی کەف و کۆڵۆ سۆزی ڕووداوەکەوە تابلۆکە بنەخشێنێ، لەهەمان کاتیشدا ڕووداوەکە بۆتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ تێرامانی قوڵی بینەر لەوردەکارییە هونەرییەکانی نیگارکێش و ڕەنگە ڕووناکی و تاریکییەکان.

لەسەردەمی کۆنی ئەفسانەو لەسەردەمی ئەمڕۆی داهێنانی هونەریشدا.

بۆیە تابلۆکە لەڕووی ژمارەی بینەرانی سنووردێکی جیهانیی بڕیووە و بۆتە خاوەنی ژمارەیەکی کەم وێنە لە بڕی بینەر، بەدەر لەجیاوازی نەتەوەو زمان و کولتوورو جوگرافیا.

ئەو سەرسوڕمانە جیهانییە بووە بە بەسەرهات و ئەفسانەکە وای کردووە بەدەیان نیگارکێش هەر یەکەو لەلای خۆیەوەو بەدەسەلاّتی هونەریی خۆیەوە، خۆی تاقی بکاتەوە لەبەرجەستە کردنی ئەفسانەکە، لەوانەش نیگارکێشی ئەسپانی بارتۆلۆنی، ماکس ساوکۆ، بابۆرین، تشارلز میلێن، دواتر تابلۆی ڕۆبنزە کەئێستا لەموزەخانەی ڕایکس میوزیام لەئەمستردام دانداوە و ساڵی 1630دروست کراوە.

ڕاستە کەڕووداوی ئەم تابلۆیە لەسەدەکانی نۆیەم و دەیەمی پێش زایین لەدایک بووە و ڕوویان داوە، بەلاّم هەست بەپێشکەوتنێکی زۆر دەکەین لەڕووی بەردەوام بوون و پێشکەوتنی بیری ئەفسانەیی و مانەوەی تا ڕۆژی ئەمڕۆ، وەک ئەوەی ڕووداوەکە لەو سەردەمەدا ڕووی دابێت.

ڕەخنەگرە شێوەکارەکان دەڵێن: (ڕەنگ) توخمێکی ئۆرگانیکی کاریگەرە بەسەر تابلۆکە و ئەو ڕەنگانە کاریگەری خۆیان هەیە بەسەر بەرجەستە کردنی ڕووداوەکە لەڕووی دەروونی و سایکۆلۆژییەوە، بەهۆی ئەو ڕەنگانەوە بینەر پتر دەخرێتە نێو دیوی ناوەوەی تابلۆکە ،لەوانەش ڕەنگی سوور کەبەسەر لایەنێکی تابلۆکەدا ڕاکشاوە، دیارە کە ڕەنگی سووریش ڕەنگی ترسناکییە، یۆنانییەکان کاتی خۆی کە ئەو ڕەنگە سوورەیان بۆ بەندییەکان داناوە، ئامانجیان لەو ڕەنگە ئەو سزا ترسناکە بووە کە بۆ بەندییەکانیان داناوە، ئەو ڕەنگە سپییەش کە بەبەر جلو بەرگی کچەکەوەیە ئەو ئازادی و ئاشتەواییەیە کە خەونی پێوە دەبینی و هیمای چینێکی هەژاریش بووە کە ئەو جلوبەرگە سپیانەیان پۆشیووە. دەروونناسەکانیش کاتێ بەدیدی خۆیان تابلۆکە شی دەکەنەوە وای بۆ دەچن کە ململانێیەکی دیار لەبیری ئەفسانەکەدا هەیە لەنێوان هێزی شەڕو هیزی خێر، ئەوەتا خواوەندی داد هیمای هێزی شەڕو کچەکەش هێمای هێزی خێرە کە جوانترین وێنەی قوربانی دان و وەفاداریمان نیشان دەداو لەکۆتاییشدا بەو چەکە چۆک بە هێزی شەڕدا دەدا و هەردسی پێ دێنێ.

پێشەکیەک لەسەر مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی



١ـ٢

ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

مێژووی فەلسەفە چییە؟ مێژووی فەلسەفە وەکو جۆرێک مەعریفە و زانست، بریتییە لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە لە بیروڕاو ئەندێشە و بۆچوونی فەلسەفەی بیرمەندان و فەیلەسوفانی پێشوو و هاوچەرخ.

فەلسەفە چییە؟ لەلایەک دەکرێ دوو واتا بۆ فەلسەفە لەبەرچاو بگیردرێ: لە واتای یەکەم، مەبەست لە فەلسەفە بریتییە لە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ژیرانە لە بواری بابەتی تایبەت، بابەتی وەکو: خوا، ناسین، ژیان، ئاکار، مرۆڤ، زەین، کۆمەڵگە و... لەو واتایە لە فەلسەفە، فەلسەفە وەکو زانستێک لەگەڵ بابەتی تایبەت دایە، کە بانتر ناڕوات، بۆ نمونە، فەلسەفە لای ئیبن سینا واتا زانست بە بوون و بابەتەکانی، یان لای کانت، فەلسەفە واتا بیرکردنەوەی ژیرانە لە بواری ناسین و مەعریفەی مرۆڤ یان فەلسەفە لای ویتگنشتاین واتا لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە لە بواری زمان و ... لە وەها تێگەیشتن لە فەلسەفە، فەلسەفە لە واتایەکی سنووردار بەکاردەبردرێ و سنووردار بە چوارچێوەیەکی تایبەت دەبێت.

لە واتای دووەم، فەلسەفە واتا بە تەواوی بیرکردنەوەی ژیرانە لە سەرەتادا لە بواری گوتاری جۆراوجۆر، لە خوا، جیهان، ناسین، زمان، مرۆڤ و ... لەو واتایەدا، فەلسەفە گشتگیر دەبێ و پانتایەکی زیاتر لە خۆ دەگرێ، بەشێوەیەک کە هەلّگری تەواوی ئەو چوارچێوە سنووردارانەیە، کە هەر فەیلەسوفێک بۆ خۆی دیاریدەکات. ئێستا ئەوەی لە "فەلسەفە" وەکو "مێژووی فەلسەفە" مەبەستە، هەر واتای دووەم لە واتاکانی پێشووە، چونکە ئەوەی وەکو مێژووی فەلسەفە لێکدانەوەی بۆ کراوە، پانتایەکی فراوان لە باسی فەلسەفی، لە ژیان، خوا، جیهان، مرۆڤ، ئاکار، مەعریفە... لە خۆ دەگرێ.

گرنگی مێژووی فەلسەفە

بۆچی دەبێ مێژووی فەلسەفە فێر بین؟ چ پێویستیەک بۆ تۆێژەرێکی فەلسەفە هەیە، کە دەبێ مێژووی فەلسەفە فێر بێت و تێیدا بیر بکاتەوە؟ وا دێتە بەرچاو پێویستی خوێندنەوەی مێژووی فەلسەفە بەو شێوەیە بێت.

تۆێژەرێکی فەلسەفە بەدوای لیکۆڵینەوەی فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفی لە بابەتی جۆراوجۆرە: -1 مێژووی فەلسەفە پڕە لە بۆچوون، شیکردنەوە و بیرکردنەوەی فەلسەفی لە بواری پرسەکانی جۆراوجۆر. بە واتایەک دەکرێ بگوترێ کە مێژووی فەلسەفە هەر خودی خۆی فەلسەفەیە، لانی کەم لەو ڕوانگەیە یەکەم: پرسیارەکانی مێژووی فەلسەفە، هەروەکو خۆی ماونەتەوە، دووەم: مێژووی فەلسەفە، مێژووی بەکارهێنان و کەڵک وەرگرتن لە شێوازی فەلسەفی و ژیرانەیە، سێیەم: مێژووی فەلسەفە هەڵگری ئەندێشەکانی یەکدەست بۆ چارەسەری کێشەکانی ژیرانە و فەلسەفیە. بەکورتی مێژووی فەلسەفە خۆی ناوەرۆکی فەلسەفی هەیە.

ئاشنایی لەگەڵ مێژووی فەلسەفە بوار بۆ وشیاری لە ڕەوتی ئەندێشە و گۆڕانکاریەکانی بە تێپەڕینی کات دەڕەخسێنێ. بەو واتایە ئەو ئەندێشانەی کە ئەمڕۆ خوێندنەوەی لەسەر دەکرێ، ئەو کاتەش کە مێژووی دروست بوون و گۆڕانکاریەکانی ڕوون بێتەوە، زۆر قوڵتر و وردتر وەردەگیردرێن و خودی تیۆری و سنوور و جیابوونەوەیان لە بۆچوونی بەرامبەریان ڕوونتر دەبێ. لەبەر ئەوەی مێژووی فەلسەفە بریتییە لە هەوڵی دێژخایەنی مرۆڤ بۆ "دۆزینەوەی ڕاستەقینە" و شیکردنەوەی لەسەر دەکرێ، جۆرێک شیکردنەوەی واقعیەتە لە گۆشەی جۆراوجۆر، لەو ڕوانگەیە لە خۆدا شتێکی سەرنجڕاکێش و خوازیار هەڵمار دەکرێ.

لەبەر ئەوەی تۆێژەرانی فەلسەفە ناچار بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەن لە بۆچوونی فەلسەفی بیرمەندان، بۆیە ئاشنایی لەگەڵ ڕۆرێک لە فەیلەسوفان و بۆچوون و بەرهەمەکانیەکان پێویستە.

باسکردن لە بابەتی فەلسەفی ئیسلامی

لە بابەتی "فەلسەفەی ئیسلامی" پرسیارێکی زۆر دێتە گۆڕێ، کە لێرەدا ئامارژە بە هەندێک لە گرنگترینیان دەکەین:

ئەلف) ئایا شتێک بەناوی "فەلسەفەی ئیسلامی" بوونی هەیە" بێگومان وەلاّمی ئەو پرسیارە ئەرێنییە. بەرهەمی فەلسەفی زۆر کە لە فارابی، ئیبن سینا، شێخی ئیشراق و ... لەبەردەست دایە، پشتڕاستکەرەوەی ئەو قسەیە. ئەگەرچی دەبێ لە خودی چەمکی "فەلسەفەی ئیسلامی" بیر بکرێتەوە.

ب) ئایا فەلسەفەی ئیسلامی کاردانەوەیەکی ڕەچەلەکی و نەتەوەیی لە بەرامبەر نەتەوەی عەرەب بوو؟

وەلاّمی ئەو پرسیارە نەرێنییە، چونکە قسە و کرداری فەیلەسوفانی موسلّمان چ فەیلەسوفانی مەشایی و چ فەیلەسوفانی ئیشراق بەهیچ شێوەیەک ئەو تەسەورە دروست ناکەن. بێجگە لەوە هەندێک لە فەیلەسوفانی ئیسلامی، عەرەب بوون، وەکو ئەلکەندی و ...

ج) ئایا دەکرێ فەلسەفەی ئیسلامی، فەلسەفەی عەرەبی ناو بندرێ؟ لەبەر ئەوەی زۆربەی فەیلەسوفانی موسلّمان عەرەب نین، بۆیە ناونانی فەلسەفەی ئیسلامی بە فەلسەفەی عەرەبی دروست نییە، چونکە پاشگری "عەرەبی" زیاتر ڕەگەز و نەتەوەی تایبەتە. باشتر وایە کە ئەوە فەلسەفەی ئیسلامی یان فەلسەفەی موسلّمانان ناو بنێین.

د) فەلسەفەی ئیسلامی، فەلسەفەیەکە وەرگیراوە یان فەلسەفەیەکی سەربەخۆیە؟ بێگومان فەلسەفەی ئیسلامی زۆرینەی لە بەرهەمەکانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، بەلاّم هەر لە سەرەتای هاتنی ئەندێشەکانی فەلسەفەی یۆنان، هەوڵ و نوێکاری و زیادکردن و دەستکاری بیرمەندانی موسلّمان لەسەر فەلسەفە کراوە، داهێنان و دریژەیان پێداوە. موسلّمانان لە دوای وەرگرتن و ئاشنایی لەگەڵ ئەندێشەکانی یۆنان و... ڕاڤە و ڕەخنە و گۆڕانکاریان لە هەندێک لە بنەمای بابەت و پرس و دروستکردنی سیستەمی جۆراوجۆری فەلسەفی کردووە. بۆ نمونە ژمارەی پرسە فەلسەفیەکان، لە سەرەتادا نزیکەی دوو سەد پرس بوو، کە بۆ زیاتر لە هەزار پرس زیاد کرا. یان سەرەڕای قوتابخانەی مەشایی، قوتابخانەکانی ئیشراق و دانایی موتەعالیەیان دروست کرد. بەو پێیە ناکرێ فەلسەفەی ئیسلامی تەنیا فەلسەفەیەکی وەرگیراو و وەرگێڕاوی دەقی یونانی ناوبندرێ. بگرە دەبێ بگوترێ: فەلسەفە وەکو نەمامێک لە زەویێکی پڕ پیت و بەرەکەتی ئەندێشە و هزری موسلّمانان چاندراوە و ئەو کاتە گەشەی کردووە و بووەتە دارێکی گەورە و بەرهەمی شیاوی داوە، لێرەدا گونجاوە تا قسەیەک لە ئیقبالی لاهوری لەبارەی لاسایی نەکردنەوەی موسلّمانان بێنین:

نۆ بە نۆ

فاخر عالی خان ئاوەڵی



نۆبەی مە نۆ بوو، نۆبە بە نۆبە
نۆبەی گرواندن،
قامچی وشاندن
لە خوێن گەوزاندن
خوێزاو پێ خواردن،
بەس نەبوو، تێر نەبوون.....
نۆبەی نۆ هات، نۆبە بە نۆبە
ڕاگواستن و وەرپێچان،
بۆمبارانی جێگە و دێ
تێ ئاخنین بە زۆرە ملێ
ژینی تاڵ بە کێوە ڕێ
ڕۆژێ لە شار و ڕۆژێ لە دێ
بێ سەوڵی لە ئاو و جێ
نەبوو پەنا نەما ژێ
هەمووی گرمخا بە ئاخ و سوێ
هەر تێر نەبوون بە زۆرەملێ
بن ئاخ کردنی کیفە ڕێ،
پیر و گەنجی سیس هەڵگەڕاو
زارۆک و دایکی بێن لێبڕاو
نۆبە بە نۆبە کڕیانکردن،
لە زیل و ئیڤای زراو ڕژێن سواریان کردن،
بەرەو چارەنووسێکی نا هەمواریان بردن؟....
گۆڕێ لە سەحرا و یەکێک لە هۆڕاوە زێ،
هەردەم وەدیار دەکەوێ جن بەجێ....
نۆبەی مە نۆ بوو، نۆبە بە نۆبە!
خۆزگە دەمزانی،
ئەو نۆ بە نۆبە چ (نۆ)یە؟،
ئاسمانی نۆ تەبەق یا بەهەشتی نۆ قەپەنگ،
نۆی بەیانی یا نۆی شەو،
چێشتەنگاوی ڕۆژە یا بۆرژان و سووکە خەوی شەو؟،
ئاخ نۆ بە نۆ، چەندە ڕۆ بە ڕۆبە
ماتەم گێڕانی شەهیدی نۆ بە نۆبە
تەواو نابێت، نا... ئەو سەنگەرە
بەرزە فڕە، قەڵبەزە قەڵای ئەو شەهیدە...
ئاخێکی پڕ ناسۆرە، بێ نەوایە ئەو خاکە،
لەتێکی بێ ناز..... و لەتێکیش شۆخی سەفا بازە؟...

دلخۆش عەبدوڵڵا:
توانیم بەماوەیەکی کورت ببمە خاوەن زۆرترین دەستکەوتی وەرزشی



دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین

لەکوردستان یاریزان و ڕاهێنەری لەشجوانی ئاست بەرز و بەتوانا لەپەنجەی دەست زیاتر تێپەر ناکات، بەتایبەتی زۆر لەوانە هەن کەئێستا کاری ڕاهێنەرایەتی دەکەن لەهۆڵەوەرزشییەکانی کوردستان، بەڵام ئەزموونێکی ئەوتۆیان نییە لەم بواری کاری ڕاهێنەرایەتی، بەڵام بەپێچەوانەوە خاتوو دڵخۆش عەبدوڵڵا یەکێکە لەو یاریزانانەی لەزۆرترین پاڵەوانیەتی بەشداری کردووە و ئەنجامی بەرزی لەسەر ئاستی کوردستان دەستەبەرکردووە لەسەر ئاستی هۆڵەکان، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەئاست و توانای ئەو یاریزانە لەدیمانەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و سەرەتا خاتوو دڵخۆش لەبارەی چۆنیەتی دەستپێکردنی بەواری وەرزش ئەو بۆ خەبات ڕایگەیاند: ماوەی 3ساڵە دەستم بەیاری لەشجوانی کردووە و هەر لەرێگەی ئەم یاریەوە چەندین جار پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، پاشان توانیوومە چەندین یاریزان لەم یاریەدا پێبگەیەنم و ئێستا ئەوان لەژێر ڕاهێنانی منداً مەشق وڕاهێنان دەکەن.

خاتوو دڵخۆش لەبارەی مەشقدانەوەی و هەڵبژاردنی بواری ڕاهێنەرایەتی یاری لەشجوانی بۆ ئەم مەبەستە گوتی: هەر کەسێک کاتێک کاری ڕاهێنەرایەتی دەکات سەرەتا دەبێت خاوەن بڕوانامەی ڕاهێنەرایەتی بروابێکراوبێت، لەهەمان کاتدا ئەزموونێکی باشی لەم بوارەدا هەبێت تابتوانی کارەکانی خۆی بەرێکوپێکی ئەنجام بدات.

گوتیشی: یاری لەشجوانی یاریەکی تابلێنی خۆش و بەچێژە، هەر بەم هۆیەوە ڕۆژانە چەندین خەڵکی ئارەزوومەندی ئەو یاریە ڕوو لەهۆڵەکەمان دەکەن بۆ مەشق وڕاهێنان و تەندروست کردنی لەش و لاریان.

هەر لەبارەی ئاست و ئەنجامەکانی لەیاری لەشجوانیدا دڵخۆش بۆ ئەمەیش گوتی: ماوەیەکی کورتە ڕوومکردۆتە ئەم یاریە، زۆر پێمخۆش بوو زووتر ڕووم لەم یاریە بکردایە، بەڵام ئێستاش بەماوەیەکی کەم زۆرترین دەستکەوتی وەرشیم بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی هۆڵەکان.

دواجار ئەو ڕاهێنەرە لەبارەی کێشەو گرفتەکانیان گوتی: کێشەی گەورەمان ئەوەیە یاریزانان زانیاری تەواویان لەڕووی ڕاهێنان و خۆراک و بەرنامەی خەو زۆر کەمە، بەڵام لەداهاتوویەکی نزیکدا هەوڵ دەدەین ئەو کێشانە بەشێوەیەکی زانستی و کردنەوەی خولی بەهیزکردن چارەسەر بکەین.

ئەنجامی ڕاپرسییەکەی نێوان ناڤاس و کۆرتوا چی بوو؟



کیلۆر ناڤاس لە یاریە دۆستانەکەیان بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بە ئاستێکی بەرز دەرکەوت، ئەمەش پەیامێک بوو بۆ ریال مەدرید لەوەی ئەو شایستەترە لە کۆرتوا کە ببێتە گۆڵچی سەرەکی.

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپرسییەکی لەنێوان ئەم دوو گۆڵچییەدا ئەنجام داوە و زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لەبەرژەوەندی کۆرتوا بووە کە لەپێش ناڤاسەوە هاتووە بۆ ئەوەی ببێتە گۆڵچی سەرەکی میرینگی، ڕۆژنامەکە ئاماژەشی بەوەدایە کە زێدانی ڕاهێنەریش گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ناڤاس گونجاو نییە بۆ ئەوەی ریال مەدرید وەک گۆڵچی سەرەکی پشتی پێ ببەستێ، بەڵام پێکانی ئەم دواییە کۆرتوا، بەختیکی بە ناڤاس بەخشییەوە.

کچانی ئەکاد ئامادەکاری بۆ خولی باسکەی عێراق دەکەن



نایمار ئێستاش بەتەنیا مەشق و ڕاهێنان دەکات



یانەی پاریس سان جێرمان لە دریژەی یەکە مەشقییەکەید لە شاری شینزینی چینی بەردەوامە لە خۆ ئامادەکردن و لەولاشەوە نایمار بەتەنیا مەشق و ڕاهێنانی خۆی ئەنجام دەدات.

دوای دوورخستنەوەی تارمایی دەستدرێژی کردنەکە، ئێستا نایمار زیاتر گرنگی بە چاکبوونەوەی خۆی دەدا کە ئەو پێکانەی بێبەشی کرد لە یاری کردن لەگەڵ هەلبژاردەی بەرازیل لە کوپا ئەمریکا، بەڵام ئەو یاریزانە بەتەنها ڕاهێنان لە چین دەکات.

ئا : سەرهەنگ نەجمەدین

وابیارە لەکۆتایی مانگی داهاتوو خولی تۆپی باسکەی یانەکانی عێراق ئەنجام بدرێت، لەخولەکەدا چەندین یانەی کوردستان بەشداری تێدا دەکەن، یانەی وەرزشی ئەکاد یەکێکە لەو تیپانەی کەهەموو ساڵێک بەئاستێکی بەرزەوە بەشداری یارییەکانی خولی نایابی تۆپی باسکەی عێراق دەکات، ساڵانە تیپی باسکەی ئەکاد لەخولەکانی عیراقدا زۆرترین ئەنجامی بەرز بەدەست دەهێنت و هەمووو وەرزێک بەئاست بەرزی خۆیانەوە دەگەنە یاریی پێش کۆتایی و یاریییەکانی کۆتایی، بۆ ئەم وەرزە کە وابیارە یەکێتی ناوەندی باسکەی عێراق خولێکی تۆپی باسکەی کچان بۆ یانەکانی عێراق ئەنجام بدات، یانەی ئەکادیش یەکێک دەبێت لەو یانانەی بەشداری خولەکە دەکات و هەر لەئێستاوە ڕۆژانە بەکۆمەڵێک یاریزانی لاو و تازەپێگەیشتوو لەهۆڵی داخراوی یانەکەیان مەشق وڕاهێنان ئەنجام دەدەن وەک ئامادەکارییەک بۆ خولی باسکەی عێراق.

پێویستە بگوترێ هەردوو تیپی باسکەی ئەکاد و سەنحاریب سالانە ڕکابەری لەسەر بردنەوەی نازناوی خولەکە دەکەن ، واپێشبینی دەکرێت ئەم وەرزە ئاستی یانەی ئەکاد بەهۆی یاریزانە لاوەکانیان بەرەو هەڵکشان بڕوات.

باڵزل، ئایندهۆڤنی دوورخستەوە



یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی مالئاوایی لە حولی شیاندنی پاڵەوانێتی حولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کرد کاتیک یانەی بازلی سویسری بە ئەنجامی 2-1گۆڵ لێی بردەوە.

یانەی بازلی سویسری سەرکەوت بۆ خولی سێیەمی شیاندنی پێشبرکێی پاڵەوانانی ئەوروپا کاتیک لە یاری گەڕاندنەوەدا لە ئایندهۆڤنی بردەوە و ئەم ئەنجامەش لە بەرژەوەندی یانە سویسرییەکە بوو کە یاری چوونی بە ئەنجامی 3-2لە ناو هۆڵەندا دۆڕاندبوو.

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/8/1 ژمارە (5802)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com


یاریزانی هەڵبژاردەی سلۆڤینیا و راهێنەری یانەی عەینی ئیماراتی لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

کیسینا نۆڤاک: کاتێک یانەی عەین داوای لێکردم ببمە راهێنەریان نەمتوانی ڕەتی بکەمەوە



دیمانە: هاوار مورتکەیی

کیسینا نۆڤاک Ksenija Novakشەترەنجزانی هەڵبژاردەی سلۆڤینیا و راهینەری کچانی یانەی عەینی ئیماراتی یەکێکە لە راهێنەرە دیارەکانی نێو گۆڕەپانی شەترەنجی جیهانی و تەمەنیکی زۆری وەک یاریزان لە هەڵبژاردەی سلۆڤینیا بەسەر بردووە و دواتر رووەکاتە کاری راهێنەرایەتی و بۆ ماوەی 9مانگ ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی عەینی ئیماراتی وەردەگرێت و ئێستاش کسینیای تەمەن 32ساڵ راهێنەری دوو یانەی شەترەنجە، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات اە دەرفەتیکدا بە پیویستی زانی ئەم دیمانەیەی لەگەل ئەنجام بدات.



*** چۆن بوو شەترەنجت هەڵبژارد؟**

– تەمەنم نزیکەی 4ساڵ دەبوو دەستم بە یاری شەترەنج کرد، ئەوکات باوکم فێری کردم کە یاریزانیکی پیشەگەر بوو، هەروەها دایکیشم یارمەتی داوم، بۆیە شەترەنج هەمیشە لەماڵمان بوونی هەبووە، هەربۆیە منیش ئەو ڕێچکەیەم گرت.

*** یەکەمین دەسکەوتت لە سەر ئاستی سلۆڤینیا و نێودەوڵەتی چی بوو؟**

– لە ساڵی 2002نۆینەرایەتی تیپی لاوانی هەڵبژاردەی سلۆڤینیام کرد لە ئۆلۆمپیاد، بەڵام یەکەمین دەسکەوتم لە ساڵی 2005بوو کاتێک لەسەر ئاستی کچانی سلۆڤینیا پلەی دووەمم بەدەستهێنا، بۆ ساڵی دواتریش بەهەمان شێوە پلەی دووەم، بۆیەکەم جاریش لە ئۆلۆمپیادی تۆرینۆ لە ریزی هەڵبژاردەی سلۆڤینیا یاریم کرد، توانیمان پلەی نۆیەم بەدەست بهێنین کە پێم وایە ئەنجامێکی باش بوو بۆ کچانی سلۆڤینیا.

لە زۆرێک لە ئۆلۆمپیاد و لە پاڵەوانێتییەکانی شەترەنجی ئەوروپا و جامی میتربا لە 2002تا 2014 لەگەل هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بەشداریم کردووە، بەڵام دواتر لەبەر خوێندن نەمتوانی زۆر خۆم بدەمە سەر شەترەنج و بۆ ماوەیەک لێی دوورکەوتمەوە.

*** شەترەنج لای تۆ چ مانایەک دەبەخشێ؟**

– هەمیشە شەترەنجم خۆش ویستووە، بەشێک بووە لە ژیانم، زۆر شتی پێ بەخشیم، کەسایەتی منی دروست کرد، ڕێگای بیرکردنەوەی نیشاندام، بەهۆی گەشتەوە ئاشنایەتی زۆرێک لە کلتوری گەلانی پێماساندم، یەکترناسین لەگەڵ چەندین کەسایەتی، دواجاریش کە بێگومان دواجار نابێت زۆرێک لە هاوڕێیانی خێزانی شەترەنجی پێناساندم، کە پیم وایە ئەوان خێزانی دووەمن بۆ من، شانازای بەخۆم دەکەم کە ئەو شارەزاییەی لەو بوارەدا پەیدام کردووە ئێستا پێشکەشی نەوەکانی دوای خۆم دەکەم.

*** بڕچی کاری راهێنەرایەتیت هەڵبژارد؟**

–دەتوانم بڵێم چوونە نێودونیای راهێنەرایەتی بە ڕێککەوت بوو، لەلایەن یانەی عەینی ئیماراتییەوە گرێبەستیکم بۆ هات کە 9مانگ راهێنان بە کچانی ئەو یانەیە بدەمەوە، بڕواشم زۆر بەخۆم بوو لەم ئەرکە تازە، ئەرکەکەیم بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهێنا و زۆر تام و چێژم لە راهێنەرایەتی وەرگرت بۆیە بەردەوام بووم، کاتیکیش گەرامەوە سلۆڤینیا ئەرکی راهێنەرایەتی دوو یانەم لە ئەستۆ گرت هەروەها یاریش دەکەم.

زۆر چێژ لە خوێندنەوەی مێشکی منداڵان بۆ شەترەنج دەکەم

*** ئایا خەونەکانت هاتوونەتەدی؟**

– ئێستا من زۆر بەختەوەرم کە یاری شەترەنج دەکەم، لە سلۆڤینیا ژیان لەگەڵ یاری شەترەنج زۆر زەحمەتە، بەڵام سەبارەت بە حوری خۆشمەوە شەترەنج بۆ هەتاهەتایە لە ژیان دەمێنێتەوە، بەردەوام یاری دەکەم و بەشداری پاڵەوانێتیەکانیش دەکەم ئەمانە بۆ چێژ وەرگرتنمە لە یاری شەترەنج چەنکە هەروەک گوتم هاوڕێیانی شەترەنج خێزانی دووەمن.

*** چ شێوازێکی راهێنەرایەتی پەیڕەو دەکەی و ئەنجامتان هەبووە؟**

–زۆر حەزدەکەم لەگەڵ منداڵانی تەمەن بچووک کار بکەم، زیاتر جەحت لەسەر فێربوونی بنەماکانی شەترەنج دەکەمەوە، هەروەها بیرکردنەوە لە تەکتیک و ئینجا بیرکردنەوەی ستراتیژی و ئامانجی کۆتایی، ئەمە شێوازی منە بۆ فێرکردن و راهێنانی یاریزانان، بەڵام ئەمە هیچ کات بەشێکی گرنگ نەبووە بەلای منەوە، من چێژ لەوە وەردەگرم کە مێشکیان دەخوێنمەوە بۆ شەترەنج و جۆرایەتی گەشەکردنی ئەو یارییە لە مێشکیان.

سەبارەت بە ئەنجامیش یانەکەمان نازناوی یانە پلەدووەکانی سلۆڤینیای بەدەستهێناوە، هەم لە کچان و هەم لە کوڕان، ئێستاش تیپی کچانمان لە ریزی پلەیەکی سلۆڤینیا یاری دەکەن، بەڵام منداڵەکانمان توانایەکی باشیان هەیە و چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکەم ئەنجامی باش لە داهاتوودا بەدەست بهێنن.





هالیپ ڕێزی لێ دەگیرێت

وەک ڕیزگرتنێک لە دەسکەوتەکانی لەیاریگاکانی تینس، سیمۆنا هالیپی کچە تێنسزانی ڕۆمانی میدالیای ئەستێرەی ڕۆمانیای بە پلەی سواڕچاک پیدەبەخشریت کە بەرزترین پلەی میدالیای شەرەفی شارەکەیەتی لە ڕۆمانیا.

کلاوس یوهاینسی سەرۆکی ڕۆمانیا لە ڕێورەسمیکی شایستەدا لە کۆشکی کۆترۆسینی لە بۆخارستی پایتەخت میدالیای ڕێزلێنانی بەخشیە سیمۆنا هالیپ، چونکە ئەو کچە تێنسزانە یەکەمین یاریزانە لەوڵاتەکەی نازناوی پاڵەوانێتی وبمبڵدۆنی بەدەستهێناوە کە ئەمەش دووەم نازناوی هالیپە لە پاڵەوانێتییەکانی گراند سلام.

مۆرا: کاتی ئەوە هاتووە سپێرز نازناوەکان ببات‌ەوە



لۆکاس مۆرا، یاریزانی بەرازیلی یانەی تۆتنهام هۆتسپێرزی ئینگلیزی وتی، کاتی ئەوە هاتووە سپێرز نازناوەکان بباتەوە. ئەمەو تۆتنهام لە دوای بەدەستهێنانی نازناوی جامی ڕابیتەی ئینگلیزی لە ساڵی 2008، هیچ نازناوێکی بەدەست نەهێناوە. دواین جار گەیشتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای وەرزی ڕابردوو، بەڵام بە دوو گۆڵی خاوێن، بە یانەی لیڤەرپوول دۆڕا. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆتنهام لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەر، ماوریسیۆ پۆچیتینۆدا، 5جار گەیشتووەتە یاری کۆتایی چەند پاڵەوانیەتییەک، چەند وەرزێکیش لە پلەی چوارەمی خولی نایابی ئینگلیزیدا هاتووە. مۆرا لێدوانی بۆ تۆڕی سکای سپۆرتس دا و وتی:"وا بزانم سەردەمێکی تازە بۆ ئێمە دەستی پێ کردووە". وتیشی:"متمانەی زۆرمان بە خۆمان هەیە. ئێستا ئاستمان جیاوازە، نەخاسمە دوای گەیشتن بە یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگ و دروستکردنی یاریگەیەکی تازە". هەروەها وتی:"وابزانم ئێستا خەڵکی زیاتر باوەڕیان پێمان هەیە، کاتیشی هاتووە ئەوە دووپات بکەینەوە، ئێمە تیپێکی گەورەین و چەندین یاریزانی نایابمان هەیە".مۆرا ئەوەشی وت:"کاتی ئەوە هاتووە، خەون بە نازناوەکان ببینین، ئێستا ئەوە ئامانجی ئێمەیە، بۆیە هەموو هەوڵمان دەخەینە گەڕ". مۆرا لە کۆتاییدا لە بارەی یاری نەکردنی لە یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگدا وتی:"ڕێز لە بڕیارەکانی ڕاهێنەر دەگرم و هیچ لێی تووڕە نیم، ڕێز لە هاوتیپەکانیشم دەگرم، من ئێستا چاوم لە وەرزی تازە و بردنەوەی نازناوەکانە، لێرە ئەوە ئامانجی منە".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 1. Aug. 2019 No: (5802)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



لەیادی 36 ساڵەی ئەنفالی بارزانییەکان

شاری لایدنی هۆڵەندا سیمای سەدەی 17ی پۆشیەوە

ساسان دەروێش – هۆڵەندا

لە فێستیڤاڵێکدا، شاری لایدنی هۆڵەندا، بەبۆنەی ڕۆژی لەدایک بوونی هونەرمەندی گەورەی نیگارکێشی هۆڵەندی ڕامبرانت ڤان ڕین گەڕێنرایەوە بۆ سەدەی 17 هەمین کە شوێنی لەدایکبوون و نیشتەجێبون و دەرکەوتنی وەک هونەرمەرمەندێک بووە ، بۆ ئەو مەبەستەش ستافێکی شارەزا لە میژوویی نیشتیمانی و نەتەوەیی هۆڵەندا و دیزاینکردنی جلوبەرگی کۆنی میللی هۆڵەندا و ئەو سەردەمەی کە هونەرمەندی تیا ژیاوە لە سەدەی 17هەمین، بەسەردەمی زێڕین لە هۆڵەندا دادەنرێ و خوێەخشانە وەک ڕێنماییکردن و ڕاهێنان بۆ زیاتر لە 300 ئەکتەری بەناوبانگی نێو شانۆ و دراماکان بۆ ئامادەکردنیان لە نێو هەموو سووچ و قوژبنی کوچەی شاردا بەپۆشینی ئەو جلوبەرگە تایبەتانەی کە بۆیان دروستکرابوو بلاوکرانەوە، بەتایبەتی لە نزیک سەنتەر و کلێسە و مالی هونەرمەند، هەریەکە و لە نواندنی کارکتەرێک بۆ گێڕانەوەی ژیان لەو شارەدا ، کە هونەرمەند دەستوپەنجەی هونەری دیارە لە کێشانی هەریەک لە ساتەوەختەکانی ئەوکاتە و دەوروبەری وخەڵک و جیهانی دەکێشا لە مرۆڤایەتی زیاتر لە 40 پۆترێتی خۆی دروستکردووە لەگەل 32 هێلکاری وخاوەنی تابلۆکانیان بەرجەستە دەکرد، ڕاستە گۆڕانکاری و پێشکەوتن بەسەر شارەکەدا هاتووە، بەڵام هەر سیمایەکی ئەو ساکەی پێوە دیارە، لە چەند ساڵی ڕابردووشدا پەیکەرێکی قەبارە گەورەیان بۆ داناوە لەنێو شارەکەو ئەو گەڕەکە و ئەو بیانەی کە هونەرمەندی تیا ژیاوە بە بۆردێک دەناسرێ بۆ ئەوەی هەرکەسێک کە ڕوو لەم شارە دەکات بزانێ هونەرمەند لێرە ژیاو لە ئەمستردام کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانێکی بێ ناونیشان نێژرا وکورێکی بوو، ئەویشی لێ ونبوو لە دوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەی کە لە تەمەنی 29 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لەو دوو ڕۆژەدا کارە هونەریەکان جێگای خۆشحاڵی ئامادەبوان و میوانەکان بوون لە هونەرمەندێکی گەنجەوە بۆ مامۆستایەکی بلیمەت و زێڕین کە لەتەمەنی21 ساڵیدا بە بڕواببوون بەخۆی ڕوو لە شاری ئەمستردام دەکات و لەنێو شێوەکارانی تردا جێگا دەستی دیاری دەبیت ودەبێتە خاوەنی فێرخوازی خۆی و ئەو مالەی تیدا ژیاوە لە ئەمستردام، ئەویش بە هەمان شێوە لە ئەمڕۆدا بۆتە مۆزەخانەیەکی گرنگی نیشتیمانی شاری ئەمستردام کە ڕۆژانە سەدان گەشتیار سەردانی دەکەن و وێنە لەگەڵ کەلوپەلەکانی دەگرن، هونەرمەند بە تابلۆکانیدا دیارە قولبوون و ڕۆچونی بەنێو دەروونی مرۆڤ، خەیاڵی بەهێزی وتوانای هونەری بەرزی و بە یەکێک لە دیارترین هونەرمەندەکانی ئەورووپا هەژمار دەکرێت.



زیاتر لە 1300 تابلۆیە کە زۆربەیان لە مۆزەخانەی نیشتیمانی گەل لە ئەمستردام پارێزراون ، بەمەش تابلۆکانی لەنێو کۆڵان و شەقامەکاندا وەکوخۆیان لە شێوەی کارکتەرو نواندن خۆیان نیشانی ئامادەبوان و میوانەکان ئەدا کە لەسەرتاسەری هۆڵەندداوە هاتبوون بۆ سەیری نمایشەکان کە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوون، کەسایەتی هونەرمەند و



زۆر خواردنەوەی چا و قاوە هۆکاری دابەزینی گوشاری خوێنن

دکتۆرە دەریا عەلی: ئەو کەسانەی کێشەی کەمخوێنی و ڤیتامین B12 یان هەیە پەستانی خوێنیان دادەبەزێت



وریشە عومەر

دابەزینی پەستانی خوێن یاخود گوشاری خوێن یەکێکە لە نەخۆشییەباوەکانی، ئەمڕۆ لە کوردستان، بۆ مەبەستی زانینی هۆکار و نیشانەکانی و چارەسەری ئەم حاڵەت و نەخۆشییە لە (دکتۆرە دەریا عەلی) مان پرسی(دابەزینی گوشاری خوێن هۆکار، نیشانەکان، چارەسەرییەکان چین) بەم جۆرە وەڵامی دایندەوە:

ئەم حاڵەتە لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بە گوێرەی دۆخی تەندروستی و بەکارهێنانی دەرمان بەگشتی ئەمانە چەند حاڵەتێکن کە هۆکارن بۆ دابەزینی پەستانی خوێن: نەخواردنەوەی بڕی پێویست لە ئاو، بۆ ئەوەی جەستە ئەو بڕە ئاوەی دەست بکەوێتەوە کە بەهۆی ئارەقکردنەوەوە لە دەستی داوە، دووگیانی: سوڕی خوێن لە ماوەی دووگیانیدا فراوانتر دەبێت و ئەمەش باریکی ئاساییە و دوای منداڵبوون ئاسایی دەبێتەوە ، بەرکەوتن بە تیشکی خۆر بۆ ماوەیەکی درێژ یان خۆشتن بە ئاوی گەرم: ئەم دوو حاڵەتە هۆکارن بۆ دابەزینی پەستانی خوێن، کەمی ڕێژەی کانزاکان لەناو جەستەدا: ئەو کەسانەی کێشەی کەمخوێنی و ڤیتامین B12 و ترشی فۆلیکیان هەیە، پەستانی خوێنیان دادەبرێت، هەوکردنی خوێن، بۆماوەیی، هەندێکجار دوای خواردنی بڕێکی زۆر لە خۆراک، مرۆڤ تورشی ئەم حاڵەتە دەبێت، چونکە لەم کاتەدا گەدە بۆ هەرسکردن بڕێکی زۆر لە خوێن بەکاردەهێنێت، زۆر خواردنەوەی ئەو خواردنەوانەی کافاینیان زۆر تیادایە وەک چا و قاوە.

دەربارەی نیشانەکانی دکتۆرە دەریا عەلی گوتی: سەرگێژخواردن ،تێکچوونی لێدانەکانی دڵ، دڵ تێکهەڵاتن و ڕشانەوە و سەرگێژخواردن، تەڵخی بەرچاو، ساردبوونەوەی جەستە کەمبوونەوەی هۆش و ئاگایی ئەمانە دیارترین نیشانەکانی گوشاری خوێن.

ئەو دکتۆرە دەربارەی چارەسەرییەکانی وادوا: خواردنی کەمێک خوێ ،بەڵام دوای دڵنیابوون لەوەی حاڵەتەکە دابەزینی پەستانی خوێنە، خواردنەوەی ئاو، خواردنەوەی شەربەت، حەسانەوە بۆ ماوەیەک و دوورکەوتنەوە لە کار.

ژمارەی پڵنگەکان لە هیندستان نزیکبوونەتەوە لە سێ هەزار



بەپێی هەواڵێکی هیندستان تایمز، سەرۆکوەزیرانی هیندستان، نارەندرا مۆدی، ڕاپۆرتێکی ٢٠١٨ی دەزگای نێودەوڵەتی پاراستنی پڵنگ-ی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی ژمارەی پێشبینی کراوی پڵنگ لەو وڵاتەدا.مۆدی ئاماژەی بەوەدا کە لە ٢٠١٤ دا، دوو هەزار و ٢٢٦ بە نزیکەیی پڵنگ هەبووە، ژمارەکە لە ٢٠١٨دا بۆتە دوو هەزار و ٩٦٧. هاوکات ئاماژەی بەوەشداوە کە ژمارەی دارستان و ناوچەی پارێزراویش لەو وڵاتەدت زیادی کردووە و لە ٢٠١٤ دا، ٦٩٢ ناوچەی پارێزراو لە ٢٠١٩ دا، گەیشتۆتە ٨٦٠ ناوچە.